## لێکۆڵینەوەیەك لە مێژوویی سیاسیی پارتی هیوا و پەیوەندیەکانی ئەم پارتە لەگەڵ ڕێکخراوە کوردیەکاندا

**د. مستەفا محەمەد کەریم**

**پێشەکی**

لە کاتێکی مێژوویی گرنگ (ماوەی ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی 1939-1945) کە کاریگەری لەسەر باشووری کوردستان هەبوو، پارتی هیوا وەك ڕێکخستنێکی سیاسی کوردی لە باشووری کوردستان، لە ناوەند و سنووری چالاکی خۆیدا ڕۆڵێکی باڵای هەبوو، بە میتۆد و پرۆگرامی تایبەتی لە هەوڵی خەباتی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازیدا تاکەکانی بە هەموو گروپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانەوە لە خۆی کۆدەکردەوە، پاشان بە کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی، چالاکی و ناوی ئەم پارتە سیاسییە کۆتایی دێت.

ئەم لێکۆلینەوەیە لە پێنج باسی سەرەکی پێکهاتووە، لە باسی یەکەم تیشك خراوەتەوە سەر دامەزراندنی کۆمەڵەی دارکەر کە بناغەی دامەزراندنی پارتی هیوایە، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر زەمینەسازی دامەزراندنی پارتی هیوا. باسی دووەم ئامانج و ئایدیۆلۆژیای پارتی هیوا خراوەتەروو، سەبارەت بە باسی سێیەم خستنەڕوویکە دەربارەی ڕۆڵ و چالاکی پارتی هیوا لە شارەکانی کوردستان، هەولدراوە ئەو ڕۆڵە سیاسیەی لەو ماوە کورتەی تەمەنی لە شارە جیاجیاکانی کوردستان بینیویەتی بخرێتەڕوو.باسی چوارەم تەرخانکراوە بۆ هەڵوێست و پەیوەندییەکانی پارتی هیوا و هەولدراوە تیشك بخرێتە سەر هەڵوێستی پارتەکە لە پێشهات و ڕووداوە سیاسیەکانی ئەم قۆناغە، بەتایبەت پەیوەندی و هەماهەنگییەکانی پارتی هیوا بە شۆڕشی دووەمی بارزان-ەوە، هەروەها جەخت لەسەر پەیوەندیەکانی ئەم پارتە لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە کوردیەکانی دیکە کراوەتەوە؛ وەك پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد و کۆمەڵەی خۆیبوون. باسی پێنجەم و کۆتایی توێژینەوەکە تایبەت کراوە بە هۆکارەکانی هەڵوەشاندنەوەی پارتی هیوا، بە جەخت کردنەوە لەو فاکتەرانەی کە ڕۆڵی لە لاوازکردن و نەمانی پارتی هیوا لەگۆڕەپانی سیاسی باشووری کوردستان هەبوو.

لێتوژ پشتی بە ژمارەیەکی زۆری سەرچاوەی جۆراوجۆر بەچەندین زمانی جیاواز بەستووە لەسەرووی هەمووشیانەوە سەرچاوەکەی ( موکەرەم تاڵەبانی ) بەناونیشانی ( حزب هیوا )، هەروەها کتێبەکەی( فەیسەڵ دەباغ) بەناوی (پارتی هیوا و شۆڕشی (1943 – 1945)ی بارزان)، لەگەڵ کتێبەکەی (هیوا عەزیز سەعید) بەناونیشانی(خۆیبوون – هیوا – ژ.ك ) کە لەبارەی پارتی هیوا زانیاری زۆر وردیان تێدایە، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی لە توێژینەوەکەدا سوودیان لێوەرگیراوە.

### باسی یەکەم / کورتەیەکی مێژوویی دەربارەی دامەزراندنی پارتی هیوا

لەنیوەی یەکەمی مانگی ئەیلوولی ساڵی 1937 یەکەم کۆبونەوەی دەستەیەکی قوتابیانی کورد بە نهێنی لە ماڵی شاکر بەگ جەلالی لە گەڕەکی (بەگلر)ی قوریە لە شاری کەرکوك ئەنجامدرا[1] کە لەلایان (دڵدار[2])ی شاعیر بانگێشت کرابوون بۆ کۆبونەوەکە و لەناویان (بورهان حامد جاف، کاکە حەمە خانەقا، موکەرەم تالەبانی و سێ

---

[1] موکەرەم تالەبانی، کۆمەڵەی دارکەر و پارتی هیوا چۆن دامەزرا، گۆڤاری (ڕەنگین)، ژمارە(52)، (بەغدا- 1993) ،ل19.

[2] یونس ڕەئوف ناسراو بە دڵدار ( 1918 – 1948 )، کوری مەلا ڕەئوف خادم السجادیە، لەشارۆچکەی کۆیە لەدایك بووە، دوای تەواو کردنی قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی لە کۆیە و هەولێر، پاشان کۆلێژی حقوقی لە بەغدا تەواو کردووە و بە دوایدا بووەتە پارێزەر. کەسێکی ڕۆناکبیر بووە بە شیعرەکانی داوای ئازادی و پێشکەوتنی لاوانی کوردی کردووە، خاوەنی دانەری سروودی نەتەوایەتی( ئەی ڕەقیب)ە ، چەندین ووتاری لە گۆڤاری گەلاوێژ بڵاو کردۆتەوە، بۆ زیاتر بڕوانە:مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەرگی پێنجەم ،( هەولێر – دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس – 2006)، ل ل537 - 538.

قوتابی تر) کـە ئـەوانیش خـەڵکی کـەرکوك بـوون[1]، لـەم کۆبونەوەیـەدا دڵـدار وتـارێکی پێشـکەش کـرد دەربـارەی بارودۆخی کوردستان و ئەو کارەساتانەی کە گەلی کورد تێدا دەژی بە هـۆی دابەشـبوونی زەویـەکانی کوردسـتان لـە نێـوان چەنـد دەوڵـەتێك و باسـی هۆکارەکـانی ڕوخـانی شۆڕشـە کوردییـەکان و جێبەجێنـەبوونی ئامانجیـان لـە بەدەسهێنانی سـەربەخۆیی کوردسـتان[2]، لـە وتارەکـەی دا پێشـنیاری پێکهێنـانی کۆمەڵەیـەکی نهێنـی کـرد بـەناوی (کۆمەڵەی دارکەر)، دوای گفتوگۆیـەکی زۆر ڕێکـەوتن لەسـەر دامەزرانـدنی ئـەم کۆمەڵەیـە[3]، ڕاسـتی دامەزرانـدنی (کۆمەڵەی دارکەر) لاسایکردنەوەی ڕۆژئاواییانـە بـوو کـە ئـەو نـاوە لـە کۆمەڵـەی (کاربونـاری Carbonari) ئیتـالی وەرگیرابوو، خاوەنی بیری دامەزراندن و سەرۆکی کۆمەڵەکەش (دڵدار) بوو[4].

دروستبوونی ئەم کۆمەڵەیە هۆ و ئامانجی خۆی هەبوو، چونکە ڕووداوە جیهانیـەکان و ئـەو بابەتانـەی قوتابیـان دەیانخوێنـد لەسـەر مێـژووی ئـەوروپا و یەکگرتنـەوەی گـەلی ئیتالیـا و گـەلی ئـەڵمانیا ڕۆڵێکـی تـەواوی هـەبوو بـۆ سەپاندنی ئەو پێشهاتانە لە کوردستان و هەندێك وڵاتانی تر، کە نەتەوەی کوردیش توشـی زوڵـم و زۆرداریـەکی زۆر ببۆوە لەو کاتەدا، بۆ ڕزگاربوون لەم زوڵم و زۆرداریە ئەم کۆمەڵەیە لەدایك بوو[5].

ئامـانجی سـەرەکی کۆمەڵـەی دارکـەر ڕزگـارکردنی هەرێمـەکانی کوردسـتان و یەکخسـتنیان و دروسـتکردنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ بوو، ئەمەش دروشمی لاوە کوردەکانی ئەو کات بوو، بۆیە لاوانی کـورد زۆر بـەخێرایی بەتایبەت قوتابیان دەچوونە ناو کۆمەڵەکە[6]، بەو پێیە دامەزرێنەرانی ئەم کۆمەڵەیە زۆربەی زۆریـان قوتـابی بـوون، لەبەرئەوە تەنها گەنج و خوێندکار لە ڕیزەکانی وەردەگیرێت و ئەوانەش کە وەردەگیران دەبوایە سـوێند بـە خـودا و قورئانی پیرۆز و خەنجەری کوردی و دڵسۆزبوون بە گەلی کورد و فیـداکاری لـە پێناویـدا و دڵسـۆزی بـۆ نیشـتمانی کوردستانی گەورە بخۆن[7].

ئەم کۆمەڵەیە پەیڕەوی لە کاری نهێنی و شێوازی خانـەی نهێنـی دەکـرد[8]، ڕێکخسـتنەکانی کۆمەڵـە لـە خانـەی بچووکی پێنج کەسی پێکدەهات، ئەندامانی ناوی نهێنی و خوازراویان هەبوو، بەرپرسی هەر خانەیەکیش ئەندام بوو لە خانەی سـەرووتر[9]، بۆیـە دەبینـین کـە ئـەم کۆمەڵەیـە لەبـەر پـەیڕەوکردنی نهێنـی پـارێزی لـە کارەکانیـدا هـیچ بڵاوکراوەیەکی وەك ڕۆژنامە و گۆڤاری نەبووە[10].

---

[1] مکرم الطالبانی، حزب هیوا ،(سلیمانیە - مرکز خاك للنشر والاعلام - 2002)، ص43.

[2] شاخوان عبدالله صابر، رفیق حلمي 1898 – 1960 دراسة تاریخیه فی نشاطه السیاسي والثقافي (السلیمانیة - منشورات بنکەی ژین - 2007)، ص106.

[3] مکرم الطالبانی،المصدر السابق، ص44.

[4] دلشاد مەحمود عەبدولرحمان ، کەرکوك لێکۆڵینەوەیەکی میژوویـی دەربـارەی ڕۆڵـی فیکـری و سیاسـی 1932 – 1958، نامـەی ماستەر پێشکەشکراو بە کۆلێژی ئەدەبیات – بەشی مێژوو ، (زانکۆی سەلاحەدین - 2006 ) ، ل ل98 - 99.

(5) سروە أسعد صابر، کوردستان الجنوبیە 1926 - 1939،( السلیمانیە - مطبعة حمدی - 2006)، ص367.

[6] مکرم الطالبانی، المصدر السابق، ص49.

(7)عەبدولخالد صابر کەریم ، بیری نەتەوەیی لە پەیڕەو و پرۆگرامەکانی کۆمەڵە ( جەمعیەت ) و حزبە کوردییەکان و کاریگـەرییان لە جوڵانەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەیی کوردییدا ( 1919 – 1945 ) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە ، نامەی ماستەر پێشکەشکراو بە کۆلێژی ئەدەبیات – بەشی مێژوو ، (زانکۆی سەلاحەدین - 2013 ) ، ل138.

(8) ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی ، شاری سلێمانی 1932 – 1945 لێکۆلینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە ،(سـلێمانی – چاپخانـەی تیشـك – 2008 )، ل173.

(9) شوان محەمەد ئەمین تەها خۆشناو ، هەولێر لەنێوان ساڵانی 1958 – 1963 لێکۆلینەوەیەکـە لـەبارودۆخی سیاسـی ،( هـەولێر – چاپخانەی ڕۆژهەڵات – 2012 )، ل49.

[10] شاخوان عبدالله صابر، المصدر السابق، ص107.

تەمەنی سیاسی ئەم کۆمەڵەیە هێندەی نەخایاند، چونکە کۆمەڵەی دارکەر یەکەمین کۆنگرەی خۆی لە حوزەیرانی 1938 دا کە لە باخچەی (أم الربیعین) لەسەر رێگای کەرکوك_هەولێر سازدا و (60) ئەندام بەشداریان کرد، تێیدا بیری گۆڕینی کۆمەڵەی (دارکەر) بە پارتێکی سیاسی گەورەتر خرایە بەر لێکۆڵینەوە و بیر لە ڕاکێشانی هەندێك لە پیاوە ناسراوەکانی کوردی ئەو سەردەم کرایەوە وەك محەمەد ئەمین زەکی، مەعروف چیاووك و ڕەفیق حیلمی تا بیکەن بە سەرۆکی کۆمەڵەکە[1]، لەو بارەیەوە موسا سەمەد کە یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی پارتی هیوا دەڵێت: (ئێمە قوتابیانی هەولێر لە ساڵی 1937 دا کۆمەڵەیەکمان دامەزراند بە ناوی کۆمەڵەی (دارکەر) واتە بەناوی ڕێکخراوێکی ئیتالی کە هەمان ناوی هەبوو، دامەزرێنەرانی ئەم کۆمەڵەیە، مستەفا عوزێری و موسا سەمەد و خەلیل حەمەد و جەلال قادر و فەتاح جەبار و نورەدین بەهائەدین و یونس رەئوف بوون، ئەمان گشتیان قوتابی بوون لە قوتابخانەی ناوەندی یان دواناوەندی، پاش ماوەیەك مامۆستا (رەفیق حیلمی[2]) بەم ڕێکخراوەی زانی و پەیوەندی بە هەندێ لەو قوتابیانەوە کرد کە بۆ خوێندن چووبوونە بەغدا و بانگهێشتی ماڵی خۆی کردبوون و داوایان لێکردبوو کە بێتە ناو ڕێکخراوەکە، سەرەتا ڕای کۆتایی لەسەر نەدا، بەڵام پاش چەند ڕۆژێك بڕیاردرا لە هاوین بێتە هەولێر و لە یەکێ لە باخچەکانی شارۆچکەی شەقڵاوە سوێند بخوا و ببێ بە ئەندامی ڕێکخراوەکە) [3].

دیارە کۆمەڵەی دارکەر لە یەکەمین کۆنگرەی خۆی بڕیاریان دا کەسایەتیەکی دیار و نیشتمان پەروەری کورد دەستنیشان بکەن بۆ سەرکردایەتی کردنی کۆمەڵە، ئەندامانی کۆبونەوە زۆر ناوی لێهاتوو و دیاریان هەڵبژارد بۆ ئەم مەبەستە وەك (محەمەد ئەمین زەکی، تۆفیق وەهبی، جەمال بابان، معروف جیاوك، ماجید مستەفا، رەفیق حیلمی) بوون، دواتر هەموو بڕیار دەدەن پەیوەندی بە رەفیق حیلمیەوە بکەن، چونکە هەم خاوەنی ڕابردوویەکی سیاسی دوور و هەم ڕوناکبیرێکی گەورەی کوردە و جێگەیەکی دیاری هەیە[4]،پاشان کۆمەڵەی دارکەر بە ئامادەبوونی ڕەفیق حیلمی لە هاوینەهەواری شەقڵاوە لە بێستانی جەمیل میراندا کۆنگرەی دووەمی بەست و تێیدا بریاری ئەوە درا کە پەرە بەکارەکانیان بدەن و ناوی کۆمەڵەی دارکەر بە پارتی هیوا بگۆرن، بەم جۆرە سەرکردایەتی بۆ کەسێکی کوردی دیاریکرا کە ئەویش رەفیق حیلمی بوو، ئەمیش پێشنیاری گۆڕینی کۆمەڵەکەی کرد بۆ پارتی (هیوا) [5]، وەك زیندوو ڕاگرتنی ناوی کۆمەڵەی هێڤی کە (ڕەفیق حیلمی) خۆی ئەندامێکی ئەو کۆمەڵەیەوە بووە پێشنیاری کردووە کەناوی پارتە نوێیەکەی بنێت هیوا[6].

---

[1] ئەحمەد حەمەد ئەمین هۆمەر ، رەواندز ( لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی – سیاسی 1918 – 1939 ) ، ( سلێمانی – سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ی کوردستان – 2006 ) ل159 ؛ حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ ، ناوچەی کفری لەنێوان سالانی 1914 – 1945 ( لێکۆلینەوەیەك لە بارودۆخی رامیاری و کۆمەلایەتی و رۆشنبیری) ، ( کەرکوك – بلاوکراوەکانی کۆمەلەی رووناکبیری و کۆمەلایەتی کەرکوك – 2010 ) ، ل103.

[2] رەفیق حیلمی کوڕی سالح عەبدوڵڵا ناسراو بە حیلمی لەبنەماڵەی (ئامان)ی کەرکوکە لە ساڵی 1898 لەو شارە لەدایك بووە، خوێندنی دواناوەندی لەسلێمانی و بەغدا تەواو دەکات، پاشان روو دەکاتە ئیستانبۆڵ و دەچێتە کۆلێژی سەربازی، پاش جەنگی یەکەمی جیهانی جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ ئیستانبۆڵ بەمەبەستی خوێندن لە ساڵی 1920 بڕوانامەی ئەندازیاری لە زانکۆی (قوستەنتنیە) بەدەست هێناوە، شارەزایی لە زمانەکانی عەرەبی ، فارسی، تورکی، فەرەنسی هەبووە ، چەند وەزیفەیەکی بە پلەی باڵا بینیووە لەوانە لە ئەیلولی 1940 بووەتە بەرێوەبەری مەعاریفی لیوای بەسرا، لەدوای شۆرشی 14ی تەمموزی 1958 دەکرێتە (ملحق الثقافي) لەیەکێك لەباڵوێزخانەکانی عێراق، لە 4 ی ئابی ساڵی 1960 کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:. ناهیدە رەفیق حیلمی، بەسەرهاتی رەفیق حیلمی،( سلێمانی – چاپخانەی روون - 2005)، ل ل23-26 ؛ شاخوان عبداللە صابر، المصدر السابق، ص ص23 - 226.

[3] فەیسەل دەباغ، حزبی هیوا و شۆرشی (1943 – 1945) ی بارزان،(هەولێر - چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری - 1997)، ل ل13 - 14.

[4] مكرم الطالباني، المصدر السابق ، ص52.

[5] سروه أسعد صابر،المصدر السابق، ص370.

[6] مكرم الطالباني، المصدر السابق، ص56.

خەباتی ناسیۆنالیستی و ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستان و لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بنەما و ئاراستەی جۆراوجۆری وەرگرتوە، ئەگەر شۆڕشەکانی شێخ مەحموود و شێخ ئەحمەدی بارزان لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگدا نموونەی سیاسی خەباتی چەکداری بێت، خەبات و هەوڵی پارتایەتی و دروستکردنی چەندین ڕێکخراوی نهێنی و ئاشکرا بەپێی قۆناغ و شوێنەکان لایەنێکی پڕنشگداری تری ئاراستەی خەباتی ناسیۆنالیستی کوردیمان بۆ ڕووندەکاتەوە، پارتی هیوا کە بەری ڕەنجی ماندوبوون و هەوڵی نەتەوە خوازی کوردە لەم بوارەدا یەك لەو پارتانەیە [1].

ڕای جیاواز هەیە لەناو سەرچاوەکاندا لە دیاریکردنی شوێن و مێژووی پارتی هیوا، ڕەنگە جیاوازی نەکردن لە نێوان کۆمەڵەی دارکەر و پارتی هیوا ئەم جیاوازیانەی دروستکردبێت [2]، لەم ڕووەوە پارتی هیوا وەك پارتێکی چالاك و نەتەوەیی لەساڵی 1937 لەلایەن دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی دارکەر دامەزرێنراوە هاوکات لەهەندێك سەرچاوەدا هیوا بە درێژبووەوەی دارکەر دادەنرێت و سەرەتای هەردووکیان بۆ ساڵی 1937 دەبرێتەوە[3].

لەم بارەیەوە جەلال عەبدوڵلا حاجی دەباغ سەبارەت بەدامەزراندنی پارتی هیوا دەڵێت: ((بەرای من ساڵی 1937 راسترە و لەو ساڵەش دامەزرا، چونکە ئەو پارتە تەواوکەری کۆمەڵەی (دارکەر)ەو و دارکەریش لەو ساڵە دامەزراوە و دوایی بۆتە پارتی هیوا[4]، لەلایەکی دیکەوە موکەرەم تالەبانی جەخت لەوە دەکاتەوە کە دامەزراندنی پارتی هیوا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1938 بەپشت بەستن بە کۆبوونەوەی کۆمەڵەی دارکەر لەحوزەیرانی سالی 1938 لەشاری کەرکوك کە تێیدا سەرەتای بەرنامەی دامەزراندنی پارتی هیوا دارێژرا[5].

کەچی نوری شاوەیس[6] دەربارەی دامەزراندنی پارتی هیوا ئاماژە بەوە دەکات، لە نیسانی 1939 کۆبوونەوەیەکی فراوان لە ئوتێلی کەرکوك بەسترا بە ئامادەبوونی ئەندامانی هەولێر و کەرکوك و بەغدا و کۆیە و سلێمانی، کە تێیدا بڕیاریان دا ناوی کۆمەڵەی دارکەر بگۆڕن بۆ هیوا، سەبارەت بەئەندامانی بەشداربوو بریتی بوون لە یونس ڕەئووف و کاکە حەمە خانەقا و فازل تالەبانی و نورەدین بەهائەدین، ئەندامانی بەغداش بریتی بوون لە رەشید باجەلان و مستەفا عوزێری، لەهەولێر یش فەتاح جەبار و ڕۆستەم جەبار و موسا سەمەد، بەڵام هیچ ئەندامێکی بادینان ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە نەبوون [7].

---

([1]) هیوا عەزیز سەعید، (خۆیبوون – هیوا – ژ.ك ) لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری ، ( سلێمانی – چاپخانەی یاد – 2006)، ل41.

[2] سروە أسعد صابر،المصدر السابق، ص370.

([3]) هیوا عەزیز سەعید، سەرچاوەی پێشوو، ل42.

[4]تارق جامباز، وشیاری نەتەوایەتی گەنجانی هەولێر لە کۆتایی سیەکان و ناوەڕاستی چلەکان، گۆڤاری (هەولێر)، ژمارە(1)، (هەولێر-1998)، ل ل57 - 58.

[5] مکرم الطالبانی، المصدر السابق، ص56.

([6]) نوری شاوێس: لە ساڵی1922 لە سلێمانی لە دایك بووە، کۆلێژی ئەندازیاری تەواو کردووە، بەشداربووە لە دامەزراندنی رێکخراوەکانی دارکەر و هیوا و شۆرش و رزگاری، لە ساڵی 1946 بۆتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەدوای بەیانامەی 11ئازاری 1970 پۆستی وەزیری ئیشغال، لە ساڵی 1980 بەهاوکاری کەسانی دی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستانی دروستکردووە و لە ساڵی 1983 کۆچی دوایی کردووە. نوری شاویس ، من مذکراتي ،( اربیل – من منشورات حزب الشعب الکردستاني – 2001)، ص ص3 – 7 ؛ توانا رەشید کەریم، سلێمانی لە نێوان سالانی (1945-1958) لێکۆڵینەوەیەك لەبارودۆخی سیاسیی و رۆشنبیری، (هەولێر – چاپخانەی رۆژهەلات – 2012 )، ل72.

[7]صالح الحیدري ، مختارات من مذکرات صالح الحیدري، الطبعة الثانیه ،( السلیمانیه - 2004)، ص26.

هەر لەم کۆبونەوەیەدا دەستەی ناوەندی هەڵبژێردرا کە پێکهاتبوون لە ڕەفیق حیلمی وەك سەرۆك و نوری شاوەیس وەك جێگری سەرۆك و دڵداری شاعیریش وەك سکرتێر و ئەمین سندوق، هەریەکە لە(ئەحمەد خانەقا، بورهان جاف، مستەفا عوزێری، ڕەشید باجەلان، ڕۆستەم جەباری و فەتاح جەباری) وەك ئەندام دەستنیشان کران[1].

سالح حەیدەری[2] لە یاداشتەکەیدا دەنوسێ و دەڵێت (لەبەر نەبونی سەرچاوەی تەواو دەربارەی دامەزراندنی ئەم پارتە من لە کۆتایی ساڵی 1971 پەیوەندیم بە یەکێك لە دامەزرێنەرانی ئەم پارتەوە کرد، ئەویش مستەفا عوزێری پارێزەر بوو داوام لێکرد کە هەندێ زانیاری شاراوەم بداتێ ئەویش لە وەڵامدا گووتی بنەچەی ئەم پارتە لە هەولێرەوە دەستی پێکرد، کە کۆمەڵە قوتابیەك کە چەند بیرۆکەیەکی نەتەوەیی جیاجیایان هەبوو بڕیاریان دا ڕێکخراوێکی نەتەوەیی دابمەزرێنن ئەم ڕێکخراوەش پەرەی سەند بوو بە هیوا) [3].

دیارە مێژوونوسی عێراقی(عەبدولرەزاق ئەلحەسەنی) هەمان بۆچوون دووپات دەکاتەوە و بنکە و بیرۆکەی دامەزراندنی کۆمەڵەکە بۆ هەولێر دەگەڕێنێتەوە[4]، لە بەرامبەردا نووسەرێك جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لە سلێمانی دروستبووە، ئەم بۆچونەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێنێتەوە دیارترینیان بریتین لە بەربڵاوی و چالاکی پارتی هیوا لە سلێمانی، هەروەها ڕەفیق حیلمی کەسایەتیەکی خەڵکی سلێمانی بوو و ڕۆڵی دیاری هەبوو لە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری هیوا کە زۆربەی بە دەستی خۆی نوسرابووەوە، لەلایەکی ترەوە لە پێش دامەزراندنی پارتی هیوا دا مەلا مستەفا و جەلالی بەگ و ڕەفیق حیلمی دەمێك بوو لەبیری دامەزراندنی پارتێکی نەتەوەیی پێشکەوتووخواز دابوون[5].

**باسی دووەم / بەرنامە و ئامانجی پارتی هیوا**

هەموو پارت و ڕێکخراو و کۆمەڵەیەکی سیاسی هەڵگری کۆمەڵێك دروشم و ئامانجە و لەپێناو بەدیهێنانیان کاردەکات، جگە لەوەی میکانزم و ڕێگای جۆراوجۆر دەگرێتەبەر لە پێناو کۆکردنەوەی خەڵك لە دەوری خۆی، هاوکات کوردبوون لای پارتی هیوا وەك خاڵێکی سەرەکی جەختی لەسەر کراوە، لەم سۆنگەیەوە ئەگەر سەیری پرۆگرام و کاری پارتایەتی بکەین، بەتایبەت لە مەرجەکانی بە ئەندام بوون و دروشم و ئامانجەکاندا دەبینین ئەم پارتە لە گۆڕەپانی خەباتدا لێهاتووانە کاریان کردوە[6].

سەبارەت بە پێڕەو و پرۆگرامی پارتی هیوا دەقێکی نووسراوی تایبەت بەو بابەتە لەبەر دەستدا نییە کە لەکاتی دامەزراندنی بڕیاری لەسەر درابێت، بە پێی ئاماژەی زۆربەی سەرچاوەکان هۆکارەکەی دەگەڕایەوە بۆ خۆ پاراستن لە

---

[1] هلبين محمد امين المزوری ، حزب هيوا (الأمل) 1939 – 1946 دراسه تاريخيه - سياسيه (اربيل – مطبعة حاجى هاشم – 2008 )، ص58.

[2] ساڵح کوری حەیدەر کوری عاسم کوری حەیدەریە لە 9ی ئایاری ساڵی 1922 لەگەڕەکی (عارەبان ) لە هەولێر لە دایك بووە، لە تەمەنی حەوت ساڵیدا خراوەتە بەر خوێندن، قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی (هەولێری سەرەتای) لە ساڵی 1935 تەواو کردووە، بۆ تەواوکرنی خوێندنی ئامادەیی رووی کردۆتە شاری بەغدا لە ساڵی (1939 – 1940) پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لقی وێژەیی لە قوتابخانەی (ئامادەیی مەرکەزی ) تەواو کردووە، لە ساڵی (1943 - 1944) قوتابی قۆناغی یەکەمی کۆلیژی ماف بووە، بەڵام بەهۆی دەستگیر کردن و خستنە ژێر چاودێری پۆلیس وازی لە خوێندن هێناوە، لە ساڵی 1960 - 1961 کۆلیژی ناوبراوی تەواوکردووە، لە ساڵی 2001 کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانیاری زیاتر بروانە: بورهان حاتم گۆمەتاڵی، ساڵح حەیدەری 1922 – 2001 ڕۆڵی سیاسی و رووناکبیری، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات – 2012)، ل ل 29 - 40.

[3] صالح الحيدري ، المصدر السابق ، ص21.

[4]عبدالرزاق الحسنى، تأريخ الاحزاب السياسية العراقية 1918 - 1958، (بيروت- 1983)، ص314.

[5] هيوا عەزيز سەعيد،سەرچاوەی پێشوو، ل42.

[6]هيوا عەزيز سەعيد،سەرچاوەی پێشوو ، ل ل108 - 110.

دەزگا ئەمنیەکانی سەردەمی حکومڕانی پاشایەتی، بەڵکو لەسەر ئەو پرۆگرامە ناوخۆیانە دەڕۆیشتن کە کۆمەڵە سیاسیەکانی ئەو سەردەمە لەسەری دەڕۆیشتن، دەتوانین بەرنامە و ئامانجی پارتەکە لەم خاڵانە کۆبکەینەوە:

1-بانگەشە کردن کە گەلی کورد مافی نەتەوەیی لە عێراق بە دەست بێنێت، ئەویش دەسەڵاتی خود موختاری[(1)].

2- هەوڵدان بۆ یەکخستنەوەی بەشەکانی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی کورد، لەگەڵ گرنگی دان بە ڕەوتی زانست و پەروەردە لە کوردستان و دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەت بۆ چاودێریکردن و سەرپەرشتی کردنی، جگە لەمەش گرنگیدان بە خزمەتگوزاریەکانی وەك ( نەخۆشخانە و قوتابخانە و ڕێگاوبان) لە هەموو شارۆچکە کوردیەکان[(2)].

3- زمانی کوردیش زمانی فەرمی بێت لە قوتابخانەکان و دادگا و فەرمانگەکانی دەوڵەت لە کوردستان، لەگەڵ هەوڵدان بۆ نەهێشتنی دوو بەرەکی لە نێوان (کورد و عەرەب) و لابردنی زوڵم و زۆری لەسەر جوتیاران و نەهێشتنی دەرەبەگایەتی لە کوردستان[(3)] .

4-دامەزراندنی فەرمانبەرانی کورد لە فەرمانگا حکومیەکان بە بێ جیاوازیکردن، کوردیش دەنگی هەبێت لە پەرلەمانی عێراق بەبێ جیاوازی[(4)].

لەبارەی ئامانجە ستراتیجەکانی دوور و نزیکی پارتەکە، کە ئامانجە دوورەکانی نەتەوەیی و نیشتمانی بریتی بوون لە یەکخستنەوەی بەشەکانی کوردستان و داواکردنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ، ئامانجە نزیکەکانی پێکهاتبوو لە داواکردنی دامەزراندنی بەڕێوبەرایەتیەکی خۆجێیی بۆ ناوچە کوردیەکان، هەروەها سەرپەرشتی خوێندنی کوردی و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری کوردی، چاککردنی پرۆژە لە کوردستان وەك نەخۆشخانە و قوتابخانە و چاککردنی ڕێگاوبان لە شار و گوندەکان، کردنی زمانی کوردی بە زمانی ڕەسمی لە قوتابخانە و دادگا و فەرمانگەکان لە ناوچە کوردیەکان لەگەڵ کۆتایی هێنان بە سیاسەتی جیاوازیکردن لە نێوان کورد و عەرەب لەگەڵ لابردنی زوڵم و ستەمی ئاغاکان لەسەر چینی جوتیار و هەژارەکان، دامەزراندنی فەرمانبەری کورد لە فەرمانگەکان بێ جیاوازی و کوردیش بێ جیاوازی دەنگی هەبێت لە پەرلەمانی عێراق[(5)].

دروشم و ئاڵای پارتی هیوا بریتی بوو لە شاخێك کە بەڕەنگی سەوز و لەسەرەوەی هەتاوێکی هەڵاتوو لەناو ئاسمانێکی شیندا دەردەکەوێت و لە ژێر دروشمەکە نوسرابوو ((کۆمەڵەی هیوا، بژی کورد و کوردستان) [(6)]، هەروەها ئاڵایەکی تایبەتی هەبوو کە لەچوار ڕەنگ پێکهاتبوو (سپی بەواتای بەفر، سەوز بەواتای کشتوکاڵ، سور بەواتای شەهیدان، زەرد بە واتای ڕۆژ) [(7)].

دەربارەی ئەندامیەتی لە پارتی هیوا مەرج بوو لەسەر هەر کەسێك کە دەبووە ئەندام خاوەنی ناوبانگێکی باش بێت و بە هیچ تاوانێك تۆمەتبار نەبێت و پەیوەندی بە ڕێکخستنی هیچ پارتێکی ترەوە نەبێت و مانگانەش ئابوونە بدات، هەروەها بۆ وەرگرتنی هەر ئەندامێکیش مەراسیمێکی تایبەتیان بۆ ڕێکدەخست[(8)].

---

(1) هلبين محمد امين المزورى ،المصدر السابق، ص59.

(2) جعفر عباس حميدي ،التطورات السياسيه في العراق (1941-1953م)، مطبعة النعمان، النجف الاشرف، 1976م، ، ص218 ؛ خليل جندى ، حركه التحرر الوطني الكوردستاني في كوردستان الجنوبي 1939 – 1967 ،( ستوكهولم – 1994 )، ص53.

(3) نورى شاويس ،المصدر السابق، ص21.

(4) هلبين محمد امين المزورى ، المصدر السابق، ص60.

(5) سروه أسعد صابر،المصدر السابق، ص372.

(6) هیوا عەزیز سەعید،سەرچاوەی پێشوو، ل47.

(7) هلبين محمد امين المزورى ، المصدر السابق، ص61.

(8)مەهدی محەمەد قادر ، هەولێر لەسالانی 1926 - 1939، (هەولێر- لەبلاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی - 2013)، ل287.

ئەوانەی دەبوونە ئەندام لەکەسانی نەتەوەخواز پێکهاتبوون، هەروەها سوێندی بە ئەندام بونیان هەر هەمان سوێند بوو کە لە کۆمەڵەی دارکەردا ئەندامە نوێیەکان سوێندیان دەخوارد، ئەویش سوێند بە قورئان و خەنجەری کوردی و ئاڵای کوردستان، کە بە وەفا بن بۆ نیشتمانەکەیان و لە پێناویدا گیانفیدا بن[1].

(عەزیز محەمەد) دەربارەی چۆنیەتی وەرگرتن و مەراسیمی ئەندامیەتی لە پارتی هیوا دەڵێت (( ڕۆژێ لای سینەما سەلاحەددین لە هەولێر لەگەڵ ئەندامێکی پارتی هیوا چوینە ماڵێك، لە ژورێكدا و لەسەر مێزێك ئاڵای کوردستان و خەنجەرێکی ڕووت و قورئان دانرابوو، سێ چوار کەس لەوێ بوون و سوێندم بە ئاڵای کوردستان و خەنجەری کوردی خوارد)) [2].

پارتی هیوا بە مەبەستی پاراستنی نهێنی کار و چالاکیەکان هەر ئەندامێك نازناوێکی کوردی هەڵگرتبوو هەر بەو ناوەش لە ڕیزەکانی پارتدا دەناسرا، جێگای ئاماژەیە ئەم نازناوە تایبەت نەبوو بە ناوی بنەماڵە یاخود هۆز یان شار و ناوچەیەك یان کارو پیشەیەکی ناسراو، بەڵکو ئەم وشەیە زیاتر دڵسۆزی بۆ کورد و کوردستان دەردەخست بۆنموونە:

1-عەزیز محەمەد (گۆرد-قەهرەمان)
2-عەبدولقادر دۆغرەمەچی (ئاگر)
3-مستەفا عوزێری (دلاوەر)
4-حەیدەر عوسمان (شێرزاد)
5-عومەر عوسمان (بەختیار)
6-نافع یونس (غەمگین)
7-ڕەشید عەبدولقادر (زاگرۆس)
8-ملا عەبدوڵڵا (بێکەس) [3].

لەم نازناوانە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەندامانی پارتەکە هەڵگری هەستێکی نەتەوایەتی بوون، جگە لەوە ئەم نازناوانە ئەمە دەگەیێنێت کە پارتی هیوا حزبێکی نهێنی بووە، هەر بۆیە سەرچاوەکان بەهۆی سروشتی کاری ڕێکخستنی نهێنی و نەبوونی تۆمارێکی ڕێکوپێك و جێی باوەڕ تایبەت بە خەملاندنی قەبارەی پارتی هیوا جیاوازیان تێکەوتوە، هەندێکیان ژمارەی ئەندامەکان بە چەند هەزار دەدەنە قەڵەم[4]، هەندێکی تر دەڵێن سێ هەزار زیاتر بوون[5].

پارتی هیوا لە سەرەتای دروستبونیەوە هەوڵی داوە بۆنە نیشتمانیەکان و ڕۆژە ناهەموارەکان یادبکاتەوە و بە مەبەستی ئەنجامدانی چالاکی و هوشیارکردنەوەی جەماوەر [6]، تەنانەت ئەوەندە بەسەر دامەزراندنی ئەم پارتە تێنەپەری بوو توانی بەناو زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردی جێ پێ خۆی بکاتەوە و لە هەموویان ئەندام و لایەنگر پەیدا بکات لە نێوان قوتابیان، مامۆستایان، روناکبیران، ئەفسەران، دەرەبەگ و بازرگانەکان[7].

هەرچەندە لە ناو ڕیزەکاندا زۆرترین چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردی دەبینران وەك قوتابی و مامۆستا و ئەفسەری سوپا و فەرمانبەران و هەژار و دەوڵەمەندو ئاغا و شێخ و مەلا و کرێکار، بەڵام کەمترین ڕێژەی ئەندامی

---

([1])عەبدولخالد صابر کەریم ، سەرچاوەی پێشوو، ل 140.

([2])تارق جامباز، سەرچاوەی پێشوو، ل59.

([3]) مەهدی محەمەد قادر ،سەرچاوەی پێشوو، ل 288.

([4]) دلشاد مەحمود عەبدولرحمان ،سەرچاوەی پێشوو، ل106.

([5])تارق جامباز، سەرچاوەی پێشوو، ل59.

([6]) ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی ،سەرچاوەی پێشوو، ل 178 ؛ هلبين محمد امين المزوری ، المصدر السابق، ص112.

([7]) هادی حسن عليوی ، الاحزاب السياسية فی العراق السرية و العلنية ، ( بيروت – رياض الريس للنشر – 2001)، ص81.

لە نێوان زۆرترین چینی کۆمەڵگای کوردی هەبوو کە چینی (جوتیار) بووە، ئەمەش بە بۆچوونی هەندێك لە سەرچاوەکان دوورکەوتنەوەی ئەم پارتە بووە لە جەماوەرە ڕاستەقینەکەی، هەر بۆیە هەندێك بە یەکێك لە هۆکارەکانی زوو هەڵوەشاندنەوی ئەم پارتەی دادەنێن[1].

چەشنی ڕێکخستنەکانی پارتی هیوا چەشنە ڕێکخستنێکی نوێ بوو، هەڵسوراوانی پارتەکە بۆ یەکەم جار توانیویانە ڕێکخستنەکانی چین و توێژە جۆر بەجۆرەکانی نێو پارت تا ڕادەیەك سەرکەوتوانە و واقیعانە ببەن بەرێوە، بەوەی هەڵساون بە جیاکردنەوەی ڕێکخستنی هەر چین و توێژێك لە ڕێکخستنێکی تایبەت و سەربەخۆدا بەو مانایەی قوتابیان و مامۆستایان، فەرمانبەران، ئەفسەران، سەرۆك هۆزەکان و تا دوایی هەریەکە ڕێکخستنی تایبەت بەخۆیان هەبووە[2].

ڕێکخستنی قوتابیانی پارتی هیوا ڕۆڵێکی گرنگ و باڵایان هەبوو لە چالاکیەکانی نێو پارتدا، ئەو قوتابیانەی بەشداریان هەبوو لە کار و چالاکیەکان بریتی بوون لە قوتابی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی و پەیمانگا و زانکۆکان، هەروەها پارتی هیوا لە نێو قوتابخانەکانی سەرەتایی و ناوەندی ڕێکخراوی هەبوو و نازناوی ئەو قوتابیانەی کە بەشداربوون لەو ڕێکخراوە بریتی بوو لە (بەچکە شێرانی هیوا) هەندێك لە کادیرەکانی پارت ڕاسپێردرابوون بۆ ئەوەی قوتابی ئەو قوتابخانانە پێشکەوتوو بکەن لە ڕووی هزر و بیر و نەتەوەییەوە[3].

سەبارەت بە سەرچاوەی دارایی پارتی هیوا، گومانی تێدا نییە هەر پارتێك یان کۆمەڵەیەك دەبێت سەرچاوەیەکی دارایی هەبێت بۆ ئەوەی پشتی پێ ببەسترێت بۆ جێبەجێکردنی کاروکردەوەکان، بۆیە ئەندامانی پارتەکە بیریان لە پێکهێنانی لیژنەیەکی دارایی کردەوە بۆ کۆکردنەوەی داهاتەکان کە لە شوێنی جیاجیا بۆیان دەهات، بۆ ئەم مەبەستەش دڵداری شاعیر سکرتێری پارتەکە وەك بەرپرسی لێژنەکە دیاریکرا، کە یەکێ لە سەرچاوە دیارەکانی داهاتی پارتی هیوا بریتی بوو لە کۆمەك و ئابوونەکان کە هەر ئەندامێك دەبوایە مانگانە ئابوونە بدات بە پێی توانای خۆی[4].

لەم بارەیەوە (یونس مستەفا) دەڵێت ( پاش سوێند خواردنم ڕەسمێکیان لێ وەرگرتم و مانگانە 350 فلس ئابوونەم دەدا)[5]، ئەم سەرچاوانە بڕبڕەی پشتی پارتەکە بوو، هەروەها هەندێك لەو ئەندامانەی باری داراییان باش بوو هاوکاری پارتەکەیان دەکرد بە پێی توانای خۆیان[6].

پارتی هیوا لە ڕووی پێکهاتەی چینایەتیەوە تا ئەندازەیەکی زۆر گوزارشتی لە کۆمەڵگەی کوردی کردووە، تاکەکانی کۆمەڵگای بە جیاوازی ئاست و پلەی کۆمەڵایەتیانەوە هێناوەتە بەر یەکەوە و بە گیانێکی لێکبوردانەوە و قبوڵکردنی جیاوازیەکانی یەکتریەوە بە یەك ئاراستە خەباتیان کردووە[7]، لە هەمان کاتدا جیاوازی ئایدیا لەناو پارتی هیوادا هەبوو بە تایبەت دوای فراوانبوونی پارتەکە بۆ چینێکی جیاوازی نەتەوەیی کورد[8].

---

([1])مەهدی محەمەد قادر ،سەرچاوەی پێشوو، ل ل184 - 185.

([2]) دلشاد مەحمود عەبدولرحمان ،سەرچاوەی پێشوو، ل ل 106 - 107.

([3]) ماجد حسن على، الحركه الطلابية الكوردية في العراق 1926-1970، رساله ماجستير، قدمت لكليه الاداب ، (جامعه صلاح الدين-2008)، ص49.

([4]) هلبين محمد امين المزوری ، المصدر السابق، ص62.

([5])تارق جامباز، سەرچاوەی پێشوو، ل58.

([6]) هلبين محمد امين المزوری ، المصدر السابق، ص62.

([7])هیوا عەزیز سەعید، ڕەنگدانەوەی بیری لیبرالی لە باشووری کوردستان 1990-1998، (سلێمانی- چاپخانەی یاد - 2006)، ل184.

([8]) مكرم الطالباني، المصدر السابق، ص60.

پارتی هیوا لە بارودۆخێکی وا دامەزرا کە ناکۆکیەکی فکری توند هەبوو لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکیدا، وەکو ناکۆکییە توندەکانی نێوان هزری سۆشیالیستی و دیموکراتی هەروەها نێوان بیری فاشیەت و نازییەت، ئەم ناکۆکیانە کاریگەری خۆی بەجێهێشت لەسەر کۆی پارتەکان و کۆمەڵگای عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەت[1].

لەو بارەیەوە دوو ڕاو بۆچوونی جیاواز لە ریزی ئەندامەکانی پارتی هیوا بەدی دەکرا، ژمارەیەك بە رابەرایەتی ڕەفیق حیلمی وای بۆ دەچوون کە بە دۆستایەتی و بەهێزکردنی پەیوەندی بە حکومەتی بەریتانیەوە گەلی کوردستان دەتوانێت بگاتە مافە ڕەواکانی و سەربەخۆیی بەدەست بهێنێت[2]، لە بەرامبەردا رۆشنبیر و قوتابیان و لاوەکان لەگەڵ ئەو بۆچونەدا نەبوون و ئیمپریالیزم و داگیرکەرانیان بە دوژمنی سەرەکی گەل دادەنا، لەو بڕوایە دابوون کە پێویست دەکات گەلی کوردستان لە هەنگاوی یەکەمدا ریزەکانی نێو خۆی پتەو بکات و هەستی سیاسی و فیکری بەرزبکاتەوە و بکەوێتە تێکۆشانی سەختی جۆراوجۆر، دۆستایەتی و پەیوەندیش لەگەڵ وڵاتانی ئازادیخواز و هێز و پارتی و گرووپە پێشکەوتخواز و شۆڕشگێرانی جیهان ببەستێت، داوای پشگیری و کۆمەکیان لێ بکات[3]،بەڵام هەر چۆنێك بێت و لە کۆی تێڕوانیندا حزب خەباتی دەکرد بۆ سەربەخۆیی نەتەوەیی و دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی و خەباتکردن لە پێناوی دا، لەم شێوە خەباتەشدا هەموو لایەنەکانی ناو کۆمەڵی کوردستانی لەخۆیدا گردکردبووەوە[4].

**باسی سێیەم / ڕۆڵ و چالاکی لقەکانی پارتی هیوا**

دوای فراوانبونی بنکەی جەماوەری پارتی هیوا لە زۆربەی ناوچەکانی باشووری کوردستان لقی تایبەتی بە شارەکان کرایەوە و هەر لقێك بەرپرسی تایبەت بەخۆی هەبوو وەك لقی (هەولێر، کەرکوك، سلێمانی، بادینان، مووسل، بەغدا)، کە پەیوەندی و هەماهەنگی لە نێوان هەموو لقەکانی پارتەکە هەبوو [5].

سەبارەت بە لقی هەولێر ی پارتی هیوا، بە چالاکترین لقی ئەو پارتە دادەنرێت[6] کە لەساڵی 1939 دامەزرا، دەسەڵاتی تەواوی هەبوو بەسەر کار و چالاکیە سیاسیەکان لە شاری هەولێر، لەوبارەیەوە (ساڵح حەیدەری) باس لە هەژموونی ئەم پارتە دەکات لەشاری هەولێر و دەڵێت (پارتی هیوا باڵادەست بوو لە هەولێر، زۆرترین قوتابیە تێگەیشتوەکان کە هەستی نەتەوایەتییان هەبوو کاریان تێدا دەکرد لەگەڵ چەند کەسێکی تر) [7].

(مەجید ئەمین ئەفەندی) ناسراوە بە (مەجید کۆفێت) بەرپرسی یەکەمی لقی هەولێر بووە و (مستەفا عوزێری) بڕواپێکراو (معتمد)ی پارتەکە بووە و (موسا عەبدولسەمەد) (ئەمین سندوق) و (ڕۆستەم جەباری) سکرتێر بووە، ئەندامی ئەم لقەش پێکهاتبوون لە فەتاح جەبار، نازم ئەسعەدی، عومەر عوسمان، ئیبراهیم یوسف، حسێن حوزنی

---

(1) مكرم الطالباني، المصدر السابق ، ص58 ؛

Betul sinantorunu، the three faces of Kurdish mobilization in Iraq:politicization، institutionalization and constitutionalization 1946-2012. M.A. thesis، Middle East technical university- Istanbul – 2013، p.22.

(2) فيصل الدباغ، أضواء على كتاب الجمعيات والمنظمات والأحزاب الكرديه في نصف قرن 1908 – 1958،( أربيل – 1993 )، ص75.

(3)فاتح رەسول، بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ، چاپی دووەم،( سلێمانی - چاپخانەی چوار چرا - 2005)، ل313.

(4)هیوا عەزیز سەعید، ڕەنگدانەوەی بیری ... ، ل186.

(5) هلبين محمد امين المزوری ، المصدر السابق، ص ص 68 - 69.

(6)إسماعيل شكر رسول، أربيل دراسه تأريخيه فی دورها الفكری والسياسی 1939 ــ 1958 ،(مطبعة بينايي- سليماني- 2005)، ص140 ؛ محەمەد فاتح ، پەرەسەندنی ژیانی حزبایەتی لەکوردستانی باشوردا، ( هەولێر – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین – 2014 )، ل142.

(7) هلبين محمد امين المزوری ، المصدر السابق، ص69.

موکریانی، ئیبراهیم دزەیی، .... چەندانی تر[1]، دواتر لە هەمان ساڵدا لە کۆبونەوەیەکی ئەندامانی لقی هەولێر کە لە باخچەی (جەمیل میران) لە شەقڵاوە ئەنجام دەدرێت لێپرسراوێتی ئەم لقە بە(عیزەدین فەیزی) دەدرێت[2].

ئەوەی لقی هەولێر جیا دەکاتەوە لە لقەکانی تر ئەوەیە کە زیاتر کار و چالاکی ئەنجام دەدا بە بەراورد لەگەڵ لقەکانی تر و دەورێکی باڵای هەبوو لە بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی پارتەکە لەنێو جەماوەری کورد، کە ئەندامانی لقەکە هەڵدەستان بە هەڵواسینی بڵاوکراوەکان لەسەر دیواری مزگەوت و قوتابخانەکان و شوێنە جەنجاڵەکان، لە دیارترین چالاکیەکانی ئەم لقەش بریتی بوو لە بەشداریکردن لە خۆپیشاندانە جەماوەریەکەی 14 ئایاری شاری هەولێر لەکاتی جولانەوەی مایسی 1941[3].

ئەندامانی پارتی هیوا لە هەولێر گۆڤاری نهێنیان دەرچواندووە و بەدەستنووس نوسیویانە، بە شێوەیەکی نهێنی ئەندامانیان لەناو شار بڵاویان کردۆتەوە، لەوانە بڵاوکراوەیەك بەناوی (دەنگی کورد) بە قەبارەی بچووك کە لە چوار لاپەرە تێنەدەپەڕی و لە چەند دانەیەك زیاتری لێ دەرنەچووە[4]، هەروەها هەفتەنامەیەکی نهێنیان بە ناوی (گۆڤار) [5] دەرکرد کە بە گرنگترین بڵاوکراوەکانی پارتی هیوا دادەنرێت، بەهۆی نەبوونی ئامێرەکانی چاپکردن بە شێوەی دەستنووس دەنوسرا و زیاتر لە کەسێك بەشداری نوسینەوەی هەژمارەکەیان دەکرد بۆ ئەوەی تەواوی گۆڤارەکە بەیەك چەشنە خەت نەبێت، کە مەبەست ئاشکرا نەبوونی نوسەرانی گۆڤارەکە بووە و بابەتەکان بەناوی نهێنی بڵاودەکرانەوە، هەروەها لەبارەی بابەتەکانی گۆڤارەکەش زیاتر گوزارشتی لە مەسەلە نیشتیمانی و نەتەوەیی هۆشیاری کردووە و نزیکەی بیست ژمارەی لێدەرچووە[6].

کار و چالاکیەکانی پارتی هیوا تەنیا لە شاری هەولێر خۆی نەگرتۆتەوە، بەڵکو فراوانیەکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی بوو بۆ ناو قەزا و ناحیەکانیش، ئەمەش هەمووی بەهۆی ئەو پەیوەندییە نەتەوەییە بوو کە لە نێوان قوتابیەکانی نێو حزب دا هەبوو، کە قوتابیەکانی قەزا و ناحیەکانیش لەو کاتە لە شاری هەولێر دەیانخوێند[7]، لەو بارەیەوە (حەیدەر عوسمان) دەڵێت (پەیوەندیمان لەگەڵ رەواندز و شەقڵاوە و کۆیە لە ڕێگەی ئەم قوتابیانە بوو کە لەگەڵمان دەیانخوێند، ئاشنایەتیمان زۆر باش بوو، بۆیە یەکسەر داوای هاتنە نێو پارتی هیوامان لێ کردن و پاشان کە دەگەڕانەوە لەوێش دەستیان بە ڕێکخستنی گەنجانی ئەوێ دەکرد) [8].

---

(1) سەبارەت بەناوی بەشێك لەئەندامانی لقی هەولێر و ناوە نهێنییەکانیان بگەڕێوە بۆ : محەمەد فاتح ، سەرچاوەی پێشوو، ل ل142 - 143.

(2) گۆران سۆران فەیزی ، باری ئەدەبی کوردی لەشاری هەولێر لەنێوان ساڵانی 1935 – 1958 ،(هەولێر – چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - 2006 )، ل20 ؛ ، مەهدی محەمەد قادر ،سەرچاوەی پێشوو ، ل 288.

(3) تارق جامباز، حزبی هیوا لە لیوای هەولێر، (هەولێر - 2005 ) ، ل46 ؛ اسماعیل شکر رسول، المصدر السابق ، ص140 ؛ هلبین محمد امین المزوری ، المصدر السابق، ص72.

(4) اسماعیل شکر رسول، المصدر السابق ، ص140.

(5) گۆڤارێکی هەفتانە بوو لەلایان (نافع یونس و قەرەنی دۆغرەمەچی) سەرپەرشتی کراوە، تەنها ژمارەیەکی ئەم گۆڤارە دۆزراوەتەوە کە لە جیاتی ژمارە بە پیتی ئینگلیزی ژمارەکراوە و ئەو ژمارەیەی دۆزراوەتەوە پیتی(T) لەسەرە بەرامبەر بە ژمارە (20)ە ، هەفتەنامەکە لە دەفتەرێکی بچووکی (12) لاپەرەیی بێ خەت بەجێهێشتن بە مورەکەبی شین و سوور نوسراوەتەوە، درێژی 12سم و پانی 18سم، لەم ژمارەیەدا لەمیانەی بابەتەکاندا ئاماژە بە ژمارەی پێشتر هەیە، لەگەڵ ئەوەی لە لاپەرەی یەکەم نوسراوە ساڵی یەکەم ، لە ژێر ناوەکەیدا نوسراوە گۆڤارێکی هەفتانەی سیاسی و کۆمەلایەتی و نهێنی و کوردیە، ئەمە سەرەرای ئەوەی لە لای ناوی گۆڤارەکەوە ئالای کوردستان وێنەکراوە. بروانە: هیوا عەزیز سەعید ، کۆمەڵەی خۆیبون.... ، ل63 ؛ تارق جامباز، حزبی هیوا ....، ل46.

(6)مەهدی محەمەد قادر ،سەرچاوەی پێشوو ، ل ل289 - 290.

(7) ماجد حسن علی، المصدر السابق ، ص 50.

(8) تارق جامباز، وشیاری نەتەوایەتی .... ، ل59.

لقی ڕەواندزی پارتی هیوا لە ساڵی 1939 کرایەوە[1]،ئەویش دوای ئەوەی قوتابیانی ڕەواندز دەهـاتن بـۆ هـەولێر بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندنی ناوەندی، لەگەڵ قوتابیانی هەولێر تێکەڵ بوون و چوونە نێو ڕیزی پارتەکەوە[2]، بەرپرسی حزب لە ڕەواندز (شەفیق سەعدوڵڵا)بوو کە مامۆستای قوتابخانـەی (پاشـای گـەورە) بـوو[3]،ئەندامـەکانیش پێکهاتبوون لە (ئەمین ڕەوانـدزی، میـر محەمـەد ئـەمین دەرگەڵـەیی، شـێخ سـلێمان شـێخ مسـتەفا، عەبـدولوەهاب محەمەد عەلی ئاغای جوندیانی، ئەحمەد محەمەد عەلی ئاغای جوندیانی، مامۆستا جەلال سەعید خەیلانی، ئیبراهیم حەسەن، سەبری نەجیب نەورۆز ئەفەندی، عەلی عەبدوڵڵا(عـەلی مەکتەبـە)، یوسـف ڕەشـید ئاغـای کاولۆکان(وسـۆ ئاغا)، سامی ڕەواندزی، سەید عومەر سەید ئەحمەد(سەیدا عومەر)، نەجات سەعید قادر، جەلال بـەگی دەرگەڵـەیی) و چەندانی تر[4].

لەکار و چالاکیەکانی لقی ڕەواندز، ئەندامانی لقەکە هەستاون بە دەرکردنی بڵاوکراوەیـەکی دەسـتنووس بـەناوی (کوردستان)[5]، لەبارەی ئەم بڵاوکراوەیەوە (سـەبری نـەجیب نـوری) دەڵێـت (( ئێمـە کـە لـە حـزب ئەنـدام بـووین لەڕەواندز بڵاوکراوەی (کوردستان)مان دەرچواند و زۆر شتمان لەسەر میللەتی کورد (شۆڕشەکانی شێخ عوبەیـدوڵڵای نەهری و شێخ مەحموودی نەمر و بەتایبەت شێخ عەبدوسەلامی بـارزانی) دەنووسـی، بەرگەکەشـی لـەلایان ئەنـدام (عـەلی مەکتەبـە) بـە وێنـەی چیـا و ڕۆژ دەڕازانرایـەوە کـە بەیـداخی کـورد بـوو، وابـزانم چـوار پێـنج ژمـارەی لـێ بڵاوکرایەوە، بەڵام بەداخەوە لەبەر حکـومڕانی ئـەو کاتـەی (نـوری سـەعید) نـەمانتوانی دانەیـەکیش بپـارێزین))[6]، هەروەها لەسەر ڕاسپاردەی پارتی هیوا کتێبخانەیەك بە ناوی (سەرکەوتن) کرایەوە، بەڵام دواتر ناوەکەیان گـۆڕی بـۆ (پێشکەوتن)[7].

سەبارەت بە لقی کۆیەی پارتی هیوا، لە ساڵی 1939 کۆمەڵێك قوتـابی دایانمەزرانـد کـە دەهـاتن بـۆ هـەولێر بـە مەبەستی خوێندن، ئەم لقە بە هاوکاری (دڵدار و محەمەد نافع و عەبدولفەتاح) دامەزراوە[8]، ئەندامـەکانی پـارتیش پێك هاتبون لە (یونس ڕەئوف(دڵدار)، ئەحمـەد دڵـزار، عوسـمان عـەونی، محەمـەد تۆفیـق وردی، عومـەر عەبـدوڵڵا کەییال، ئەحمەد حەمە مەلا، نامیق عەبدوڵڵا حـەوێزی، تۆفیـق قەنـدیل، عـەلی عەبـدوڵڵا، عومـەر مسـتەفا(دەبابە)، محەمەد حەوێز(حەمە ڕەش) کۆیی، محەمەد نافیع عەبدولفەتاح ئاغای حەوێزی، تاهیر ئەحمـەد حـەوێزی، عیـزەت تاهیر، عوسمان حەسەن، حەمید ساڵح، ئیسماعیل سەعید، عەبدولسەمەد حاجی تەها، کامیل جەمیل، عەبدولڕەحمان مەلا سادق، رەئیس بەکر ئیسماعیل، کەریم تۆفیق، غەریب مستەفا کۆیی، سـابیر ئیسـماعیل، عوسـمان عەبـدوڵڵا) و چەندانی تر[9].

ئەندامانی پارتی هیوا لە کۆیە بڵاوکراوەیەکیان بە نـاوی (بڵێسـە) بڵاوکردۆتـەوە کـە لـە ناوەڕۆکـەوە هاوشـێوەی (دەنگی کورد) بوو[10]، زۆربەی کۆبونەوەکانی لقی کۆیە لە باخچە و گۆرستانەکان دەبەسترا بـە مەبەسـتی پاراسـتنی نهێنیەکانی چالاکی پارتەکە، گرنگترین کۆبونەوەی ئەم لقە ئـەم کۆبونەوەیـە بـوو کـە لـە سـاڵی 1940 لـە باخچـەی

---

[1] ئەحمەد حەمەد ئەمین هۆمەر ،سەرچاوەی پێشوو، ل162.

[2] هلبین محمد امین المزوری ، المصدر السابق، ص74.

[3] تارق جامباز، حزبی هیوا ..... ،ل82.

[4] ئەحمەد حەمەد ئەمین هۆمەر ،سەرچاوەی پێشوو، ل ل163 - 164.

[5] هەمان سەرچاوە، ل164.

[6] تارق جامباز، حزبی هیوا..... ، ل84.

[7] هەمان سەرچاوە ، ل85.

[8] هلبین محمد امین المزوری ، المصدر السابق، ص73.

[9] تارق جامباز، حزبی هیوا..... ، ل68.

[10] هیوا عەزیز سەعید، کۆمەڵەی خۆیبون.... ، ل62.

(حەمامۆك) بەسترا کە تێیدا (عوسمان دانش) کاری بەرپرسی پێ سپێردرا کە پارە و نامەکان لە لقەوە ڕەوانە دەکرد بۆ لقەکانی تری پارتەکە[1].

کارو چالاکیەکانی لقی کۆیە بەرفراوانیەکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی لە دوای ئەوەی ساڵی 1940 (عەونی یوسف) بوو بە بەرپرسی ئەم لقە، زۆر چالاک بوو تا ساڵی 1945 و ئەندامان و پاڵپشتکەرانی ئەم پارتە بەرەو زیاد بوون دەڕۆیشت[2].

لەلایەکی دیکەوە پارتی هیوا لەسەرەتادا شاری کەرکوکی کردە ناوەندێك بۆ خۆی، بەشێوەیەك کۆبونەوەکان لە ماڵەکان بەڕێوە دەچوو، لە دوای زیادبونی ژمارەی ئەندامەکان، کۆبونەوەکان گواسترانەوە بۆ قوتابخانەکان و زۆربەی کات سەرکردەی حزب لە کۆبونەوەکان وتاری پێشکەش دەکرد بۆ وروژاندن و هاندانی ئەندامەکانی حزب بۆ هێنانی زۆرترین ئەندام بۆ ڕیزی پارتەکە[3]، توێژی ڕۆشنبیری کەرکوك چ لە دامەزراندنی پارتی هیوا چ لە نواندنی چالاکی و جموجۆلە سیاسیەکان ڕۆڵی دیارو بەرچاویان بینی، کە زۆربەی هەرە زۆری کۆبونەوەکانی دامەزراندنی حزب و دواتریش کۆبونەوەی هەلوەشاندنەوە و بڵاوەلێکردنی هەر لە کەرکوك بوو[4].

گەلێ کەسایەتی ناودار هەڵکەوتن کە ئەندامی هیوا بوون لە کەرکوك و ڕۆڵی بەرچاویان بینی لە ژیانی سیاسی و فکری و کارگێری و ڕۆشنبیری نەك لەسەر ئاستی کەرکوك و کوردستان، بەڵکو لەسەر ئاستی عێراق بە گشتی، لەوانە شێخ مارف و شێخ حوسێن بەرزنجی کە ژیانی خۆیان بەخت کرد لە پێناو ئازادی و دیموکراسی[5].

دەستەی بەڕێوەبردن لە کەرکوك پێکهاتبوو لە هەریەك لە (موکەرەم تالەبانی و مەعروف بەرزنجی) کە بەرپرس بوون لە بەشی قوتابیان[6]، (ڕەمزی ئەفەندی) بەرپرس بوو لە بەشی فەرمانبەران، (ئەمین ڕەواندزی) بەرپرس بوو لە ڕێکخستنی ئەفسەران لە فرقەی دوو لە کەرکوك، کاتێکیش کە (عەزیز قەزاز) گواسترایەوە بۆ کەرکوك ئەوە بوو بە بەرپرسی ڕێکخستنی ئەفسەران و (ئەمین ڕەواندزی) بوو بە جێگری[7].

هەر لەو قۆناغەدا (کاکە حەمەی خانەقا، فازل تالەبانی، شێخ مارف بەرزنجی، شێخ حسێن بەرزنجی، نورەدین بەهائەدین) ڕۆڵی بەرچاو و دیاریان هەبوو لە ڕیزەکانی پارتی هیوا، جگە لەوانەش دەستەیەکی نوێی ڕوناکبیری کەرکوکی لە ڕیزی ڕێکخستنە جیاجیاکانی پارتی هیوا سەریان هەڵدا، کە (خورشید ئەمین بەگی سیامەنسووری، ئەحمەد مەلا کەریمی زەنگەنە، عەبدوڕەحمان حاجی ڕەزای بیبانی، سەدیق بلوکێنی، عەلی زەردەشتی، مەهدی حەمید، شێخ عەتای شێخ جەماڵی تالەبانی، داوود بەگی جاف، مستەفا نەریمان، شێخ ئەحمەدی شاکەلی، کەریم بەگی جاف، ئەمین عەبدوڵڵا حەمەدئەمین) و چەندانی دیکە[8] .

سەبارەت بە لقی کەرکوك، ئەندامانی ڕۆڵ و چالاکی کاریگەریان نواندووە، لە دیارترین ئەو چالاکیانەش دەکرێ ئاماژە بە بڵاوکردنەوەی فیکر و ڕێباز و ئامانجەکانی حزب بدرێ لەلایەن ئەندامانی لقی کەرکوکی پارتەوە لە ڕێی پەخشکردنی بەیانات و دەرچواندنی گۆڤار و ڕۆژنامەوە، یەکەم پەخشەیەکی زمانحالی پارتی هیوا لە ناوچەی کەرکوك

---

(1) هلبين محمد امين المزوری ، المصدر السابق، ص73.

(2) ماجد حسن علی، المصدر السابق، ص 50.

(3) هلبين محمد امين المزوری ، المصدر السابق، ص68.

(4) دلشاد مەحمود عەبدولرحمان ،سەرچاوەی پێشوو، ل104.

(5) اسماعیل شوکر رەسول ، کەرکوك 1939 – 1945 لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە لە رووی رامیاری و بیری ، ( هەولێر – 2007 ) ، ل62.

(6) مکرم الطالبانی، المصدر السابق ، ص63 .

(7) نوری شاویس ،المصدر السابق، ص25.

(8) بۆ زانیاری پتر لەبارەی ئەندامانی لقی کەرکوکی پارتی هیوا بگەڕێوە بۆ : مستەفا نەریمان ، بیرەوەری یەکانی ژیانم ، ( بەغدا – دار الحرية للطباعة– 1994 ) ، ل83.

بڵاوکرایەوە، لانیکەم ئەوەی تا ئێستا پەی پێ براوە، گۆڤارێك بووە بەناوی (هیوا) کە لە ساڵی 1940 بە شێوەی نهێنی و بە دەست نوسراوەتەوە، ئەمەش لە نێوان دێری بیرەوەریەکانی بەرپرسی لقەکە روون دەبێتەوە، کاتێك وتویەتی (سەرەتای دەست بە نووسین کردنم بە جەماهیر ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی 1939-1940 ئەوساکە لە پۆلی دووەم و سێیەمی ناوەندی بووم، یەکەم هەلبەستم لە گۆڤارێکی کۆمەلی هیوا بلاوکرایەوە کە بە نهێنی دەرئەچوو بە دەستیش ئەنووسرایەوە) [1].

هەر سەبارەت بە ڕۆڵە فیکری و سیاسیەکانی توێژی ڕۆشنبیری کەرکوکی لە چوارچێوەی چالاکیە نهێنیەکانی پارتی هیوادا، توێژەرێك دەنوسێت ((... لقی کەرکوك ڕۆڵی کەمتر نەبووە لە لقەکانی تری پارتی هیوای شارەکانی تری کوردستان، ئەگەر زیاتر نەبوو بێت، ئەندامانی لقەکە توانیان چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەی نهێنی سیاسی و فکری دەربکەن بۆ مەبەستی زاخاوکردنی مێشکی گەنجە کوردەکان بە کوردایەتی...)) [2].

کار و چالاکیەکانی پارتی هیوا تەنیا لە شاری کەرکوك قەتیس نەبوو، بەڵکو فراوانیەکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی بوو پەلیهاوێشتبوو بۆ ناو قەزا و ناحیەکانی دەوروبەری، لەم ڕووەوە پارتی هیوا توانی لە سنوری کفری و گەرمیاندا لایەنگر و خەڵکی خۆی پەیدا بکات و هەندێ سەرۆك هۆز و کەسایەتی پەیوەندی بەڕێکخستنەکانیەوە بکەن[3]، دیارترین ئەندامانی پارتی هیوا لە سنوری کفری کە پەیوەندیان بەڕێکخستنەکانی ئەم پارتە کردووە بریتی بوون لە ( موکەرەم تالەبانی، شێخ عەتای شێخ جەمال تالەبانی، داود بەگی جاف، مستەفا نەریمان، کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف، سابیر فەتحولا دەلۆ، مستەفا کەریم بەگی جاف، ئەحمەد بەگی بابان ... چەندانی تر) [4].

شێخ عەتا تالەبانی هەر لەدامەزراندنی لقی کفری پارتی هیوا بە هەماهەنگی لەگەڵ محەمەد قەرەداغی زۆر چالاکانە کەوتنە بەر فراوانکردنی ئەم لقەی پارتی هیوا، بەتایبەت داوای ئەوەی گەلێك لە کەسایەتیە دیارەکانی سنوورەکە وەك شێخ ئەحمەدی شاکەل و حەمەی عەلی ئاغای زەنگەنە و وەهاب قەمبەر و عەبدولرەحمان کەریم و چەندانی دیکە توانیان ژمارەیەك لە رۆشنبیران و کاسبکارانی کفری بخەنە بازنەی جموجۆلی کوردایەتی[5].

ئەندامانی لقی هیوای کفری توانیان بڵاوکراوەیەکی ناوخۆیی بە ناوی (شیلان) کە گوزارشتە لە شوێنەوارێکی نزیك کفری لەماوەی سالانی 1944 – 1945 بە زمانی کوردی و بە نهێنی کە لەلایەن عەتا تالەباتیەوە تایپ دەکرا لەگوندی زەرداو کەدەکەوێتە باشوری ڕۆژهەڵاتی کفری بە دووری بیست کیلۆمەتر هەر لەویش پەخش و بڵاودەکرایەوە[6].

لەشاری سلێمانیش پارتی هیوا لقێکی دروست کرد، ئەو لقە لەماڵی (جەلال ئەمین بەگ[7]) دامەزرا و نوری شاوێس بووە بەرپرسی لق و "جەلال ئەمین بەگ" بووە سکرتێری لقەکە[8]، هەر یەك لە (ئیسماعیل حەققی

---

[1] دلشاد مەحمود عەبدولرحمان ،سەرچاوەی پێشوو، ل108 ؛ نوری شاویس ،المصدر السابق، ص24.

[2] هەمان سەرچاوە، ل ل108 - 109.

[3] حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ ،سەرچاوەی پێشوو، ل104.

[4] بۆ زانیاری پتر لەبارەی ناوی ئەندامانی سنوری کفری کە پەیوەندیان بە پارتی هیوا کردووە بگەڕێوە بۆ : مستەفا نەریمان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل83 ؛ سوارە حەسەن باجەلان ، مێژووی کەلار ، گۆڤاری بانە رۆژ ، ژمارە (26) ، ( کەرکوك – کۆمەلەی روناکبیری کەرکوك – کانوونی دووەمی 2006 )، ل41.

[5] عبدالستار طاهر شریف، الجمعیات والمنظمات والاحزاب الکردیە فی نصف قرن (1908-1958)،(سلیمانیە – من منشورات دار سردم للطباعة والنشر – 2007)، 141 ؛ سمکۆ بەهرۆز محەمەد ( ئەژی ) ،مێژووی ئەو کۆمەلە و ڕێکخراو و حیزبانەی لە ناوچەی کەرکوکدا سەریان هەلداوە، ( کەرکوك – چاپخانەی بینایی – 2006)، ل9.

[6] حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ ،سەرچاوەی پێشوو، ل105.

[7] جەلال ئەمین بەگ: جەلال ئەمین مەحموود لە ساڵی 1911 لە دایکبووە، کۆلێژی سەربازی تەواو کردووە و بۆتە ئەفسەر، ئەندامی حزبی هیوا بووە، لە شۆڕشی بارزان بەشداربووە و لە ساڵی 1946 پەیوەندی بە کۆماری کوردستانەوە کردووە و پلەی

شاوەیس[1])، (مستەفا خۆشناو[2] )، شێخ لەتیف، حامد قادر، فائێق فەرەج، غەفور سوبحی سەعید، مەحموود خەفاف، کەریم زەند ئەندامانی لقەکە بوون[3]، لە ئافرەتانیش بەشداریان هەبوو، لەوانە (ناهیدە شێخ سەلام[4]، لەتیفە مەلا سەدیق، حەلاوەخان شێخ مەحموود، زەکیە بابان) و چەندانی تر[5].

کۆڕ و کۆبونەوەکانی لقی سلێمانی زۆربەی جار لە مزگەوتی (شێخ باب عەلی) و ماڵی (جەلال ئەمین بەگ) بەڕێوە دەچوو[6]، جاروباریش لەماڵی (ڕەفیق حیلمی) کۆدەبونەوە[7]،ئەو کاتە ئەوانەی لە سلێمانی ئەندام و لایەنگری هیوا بونایە پێیان دەوترا (هیوایی) و بۆ یەکتر ناسینەوە دەستەسڕێکی سپیان هەڵدەگرت، کە لەهەر شوێنێك دانیشتون هێناویانە بە ڕوخساری خۆیاندا[8].

قوتابیان و نیشتیمانپەروەرانی سلێمانی زۆر ڕۆڵی کارایان گێڕاوە لە دامەزراندنی کۆمەڵەی دارکەر، دواتریش پارتی هیوا، بە چەشنێك لە دەستەی دامەزرێنەرانی هەردووکیان هەبوون و بەشداریان لە دامەزراندنیان کردووە[9]، هەروەها لەنێو چالاکیەکانی تری لقی سلێمانی لەو ماوەیەدا، فراوانکردنی بابەتە سیاسیەکان و زۆرکردنی ژمارەی ئەندامەکانی بوو لە نێو شاری سلێمانی، هەروەها بڵاوکراوەکان جا لە ڕێگای پەرتوك و کاغەز یان نوسین لەسەر دیوارەکانی فەرمانگەی حکومی و زانکۆ و بنکەی پۆلیس و دیواری ماڵەکان [10].

---

کۆلۆنێلی دراوەتێ، زمانەکانی عەرەبی و تورکی و ئینگلیزی و فارسی زانیوە و خاوەنی چەند کتێبێکە، لە ساڵی 2004 کۆچی دوایی کردووە. توانا ڕەشید کەریم ، سەرچاوەی پێشوو، ل72.

(8) هلبين محمد امين المزوری ، المصدر السابق، ص75.

(1) ئیسماعیل حەققی شاوەیس، کەسایەتیەکی سیاسی و رۆشنبیری بووە، لە ساڵی 1894 لە مووسل لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتای و ناوەندی و روشدیەی لە سلێمانی و بەغدا تەواو کردووە، دواتر پەیوەندی بە قوتابخانەی سەربازی لە ئەستەمبولەوە کردووە، بووەتە مولازمی دووەم، بەشداری شەری دەربەندی بازیانی لەگەڵ شێخ مەحمود کردوە لەدژی ئینگلیز، ماوەیەك لە ناسریە و کەرکوك مامۆستا بووە، ئەندامی لقی ژێکافی کوردستانی عێراق بووە، هەروەها بەشداری لە کۆماری کوردستان کردووە، جگە لەوەی سیاسەتمەدار بوو، چەندین نووسراوی بڵاوکردۆتەوە لە 12ی ئاياری ساڵی 1976 کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانیاری زیاتر بروانە: دلشاد مەحمووود عەبدوڕڕەحمان، ئیسماعیل حەققی شاوەیس(1894-1976)،( هەولێر- بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری – 2004) ؛ عبدالخالد صابر، ئەو وێنانەی لە خۆیان دەدوێن، بەرگی یەکەم ، (سلێمانی – بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی – 2006 ) ، ل123

(2) مستەفا خۆشناو: لە ساڵی 1912 لە بێتوانە لە دایکبووە، یەك لە ئەفسەرە بەناوبانگەکانی بزاڤی رزگاریخوازی کوردی بووە، یەك لە ئەفسەرانی پەیوەندی بوو کە ماجد مستەفا لە کاتی شۆرشی بارزان دایمەزراندبوون، بەشداری لە دامەزراندنی ژێکاف لە ساڵی 1942 کردووە و دواتر چۆتە کۆماری کوردستان، لە ساڵی 1947 لە سێدارە دراوە. هلبين محمد امين المزوری ، المصدر السابق، ص75.

(3) توانا ڕەشید کەریم ، سەرچاوەی پێشوو، ل72.

4-ناهیدە شێخ سەلام، لە ساڵی 1922 لە دایکبووە، خانەی مامۆستایانی تەواو کردووە، لە ساڵی 1942 هوە پەیوەندی بە کاری سیاسییەوە کردووە، ئەندام بووە لە هیوا، لە ساڵی 2005 کۆچی دوایی کردوە. هلبين محمد أحمد عبو المزوري، المصدر السابق ، ص66.

(5)هیوا عەزیز سەعید، کۆمەڵەی خۆیبون.... ، ل48.

(6) هلبين محمد امين المزوری ، المصدر السابق، ص76.

(7) ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل179.

(8) هیوا عەزیز سەعید، کۆمەڵەی خۆیبون.... ، ل48.

(9) نوری شاوێس یەکێ لەو ئەندامە کارایانە بووە کە لەدامەزراندنی کۆمەلەی دارکەر و پارتی هیوا رۆلی سەرەکی هەبووە. توانا ڕەشید کەریم ، سەرچاوەی پێشوو، ل73.

(10)ئەو کەسەی ئەو کار و نوسینانەی دەکرد جەلال ئەمین بەگ بوو بە یارمەتی غەفور حاجی سەعید و فائق فەرەج. بروانە : هلبين محمد امين المزوری ، المصدر السابق، ص76.

پارتی هیوا لەسلێمانی بڵاوکراوەیەکی لە شێوەی گۆڤاردا هەبووە کە بە (گۆڤاری هیوا) ناوبراوە[1]و دەسنووس بـووە و لەلایان (رەفیق حیلمی)یەوە نوسراوەتەوە و بڵاوکراوەتەوە[2]، بۆیە دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین ئەگەر چی سلێمانی ناوەندی و مەلبەندی بڵاوکردنەوەی سەرەکی هیوا نەبوو، کەچی سلێمانی ناوەنـدێکی گرنگـی بـزاوت و جموجۆڵـەکانی ئەم پارتە بووە[3].

چالاکیەکانی پارتی هیوا بەرفراوانیەکی بـەرچاوی بـە خۆیـەوە بینـی تەنانـەت پەلیهاوێشـت بـۆ بادینـان، زۆربـەی ئەندامانی لقی بادینـان گـروتینێکی زۆریـان هـەبوو بـۆ بڵاوکردنـەوەی کـار و چالاکیـەکانی پارتەکـە لـە ناوچەکـەدا[4]، کۆمەڵێك قوتابی بادینان لە ساڵی 1940 کە لەو کاتەدا لە زانکۆ و پەیمانگاکان دەیانخوێند لـە شـاری بەغـدا، لـە دوای وتوێژێکی دوور و درێژ لەنێوان قوتابیەکان، هەموویان رازی بوون کە دەبێت لقێك بەناوی لقی بادینانی سەر بە پارتی هیوا دامەزرێنن، بۆ ئەم مەبەستەش (ساڵح یوسفی[5]) سەرکردایەتی ئـەم لقـەی پـێ سـپێردرا[6]، لقـی بادینـان بـەرەو گەورەبوون و فراوان بوون بوو تا ئەوەی گەیشتە زۆربەی ناوچەکانی و چەنـدین لقـی لـێ بـۆوە لەوانـەش: دهـۆك و بامەڕنێ و شێخان و ئاکرێ و زاخۆ و زۆربەی شوێنەکانی تر[7].

ڕێکخستنەکانی پارتی هیـوا لـە ناوچـەی مووسـڵ پـردی پەیوەنـدی بـوون لـەنێوان سـەرکردایەتی پـارتی هیـوا و ڕێکخستنە سیاسیەکانی کورد لەسوریا لەنێویاندا کامیران بەدرخان و جەلادەت بەدرخان  کە گۆڤارەکانی رونـاهی و هاوار و ستیر دەرکردووە لە دیمەشق و بەیروت، کە گۆڤـاری رۆنـاهی دەگەیشـتە شـاری مووسـڵ و ژمارەیـەکی زۆر لەئەندامانی پارتی هیوا وتاری سیاسی و هۆنراوەی نیشتمانیان تێدا بڵاوکردۆتەوە[8].

جگە لەمەش پارتی هیوا لە ساڵی 1942 لقێکی لەشاری بەغدا کردەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەبوو چونکە قوتابیـەکی زۆری کورد لەو شارەدا دەیانخوێند، کە ژمارەی ئەو قوتابیانەی بوونە ئەندام لەو پارتە (30-40) قوتابی دەبوون[9]، کۆڕ و کۆبونەوەکانی لقی بەغدا زۆر بە نهێنیەوە دەکرا، زۆر جار لەماڵی ئەندامـەکان دەکـرا و لـە هـەموو کۆبونـەوەکان باسیان لەوە دەکرد کە دەبێ کارە نێوخۆیـەکانی حـزب زۆر بـە نهێنـی بێـت و لـە نێـوان ئەنـدامان نەچێتـە دەرەوە،

---

(1) محەمەد فاتح ، سەرچاوەی پێشوو ، ل148.

(2)هیوا عەزیز سەعید، کۆمەڵەی خۆیبون.... ، ل63.

(3) ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل178.

(4) ماجد حسن علی، المصدر السابق ، ص51.

(5) لەساڵی 1918 لە بنەماڵەیەکی ئاین پەروەر لە بامەرنێ لەدایك بووە، خوێندنی دواناوەندی لەبەغـدا تـەواو کـردووە، پاشـان وەك مامۆستا لەهەرير دامەزراوە، پاشان روودەکاتە بەغدا و لەکۆلێژی شەریعە دەست دەکاتەوە بەخوێندن و لەساڵی 1942 خوێندنەکەی تەواو دەکات و لەساڵی 1949 وەك نووسەری یەکەم لەدادگای شەنگال دەست بەکار دەبێت، سەبارەت بەکاری بە بەشداری سیاسی، ناوبراو لەساڵی 1939 رۆڵی هەبووە لەدامەزراندنی پارتی هیوا لەگەڵ هەریەکە لە رەفیق حلمی و دڵداری شاعیر، هەروەها لەیەکەم کۆنگرەی دامەزراندنی پارتی بەشداری کردووە، لەسەرەتادا وەك بەرپرسی لقی بادینان ( دهـۆك - موسـڵ) دانـراوە، پاشـان لەسـاڵی 1962 کراوەتە بەرپرسی لقی پێنچی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا، لەگەڵ راگەیاندنی بەیاننامەی 11 ی ئـازار 1970 چەنـدین پۆستی وەرگرتووە لەوانە وەزیری دەوڵەت، هەروەها ئەندامی لێژنەی باڵای ئاشتی بـووە کـە سـەدام حوسـێن سـەرۆکایەتی دەکـرد، لەهەمان کاتدا سەرۆکی یەکێتی ئەدیبانی کورد بوو، لە 25 ی حوزەیرانی 1981 لەشاری بەغدا تیـرۆر کـرا. صلاح الخرسـان، التیـارات السیاسیه في کردستان العراق قراءه فی ملفات الحرکات والاحزاب الکردیه في العراق 1946 – 2001 ، ( بیروت – مؤسسه البلاغ للطباعة والنشر والتوزیع – 2001 )، ص ص66 – 67.

(6) نوری شاویس ، المصدر السابق ، ص22.

(7)سەبارەت بە رۆڵ و چالاکییەکانی لقی بادینان و شار و شارۆچکەکانی بگەرێوە بۆ: هلبین محمد امین المزوری ، المصدر السابق، ص ص 78 - 82.

(8)عبدالفتاح علی البوتانی، الحیاه الحزبیه في الموصل 1926 – 1958 ( أربیل – مطبعة وزاره التربیه – 2003 )، ص ص318 - 319.

(9) عبدالستار طاهر شریف، المصدر السابق، ص139.

هەروەها لقی بەغدا زیاتر گرنگیان بە بڵاوکراوەکانیان دەدا لە ڕۆژنامەکان، هەروەها کار و چالاکیەکانیان لە ڕێگەی ڕۆژنامەکانەوە بە هەموو شوێن و ناوچەکانی بەغدا دا بڵاو دەکردەوە[1].

**باسی چوارەم / پەیوەندییەکانی پارتی هیوا**

**أ- پارتی هیوا و شۆڕشی دووەمی بارزان**

لەو کاتەی شۆڕشی دووەمی بارزان 1943 - 1945 دەستی پێکرد، ئەندامانی پارتی هیوا لە نێوان خۆیان دابەش بوون بەسەر دوو ئاراستەی دژ بەیەك سەبارەت بە شۆڕش، هەندێکیان لەگەڵ ئەوەبوون بەهەموو توانایەکەوە لەگەڵ یارمەتی دانی شۆڕشەکەدا بن، بەڵام بەشەکەی دیکە لەو ڕایە بوون کە پارتی هیوا پێویستە هەڵوێستی بێلایەنی هەبێت، هەروەها جیاوازیش بوون لە چۆنیەتی یارمەتی دانی شۆڕشەکە، ئایە بەشێوەیەکی ئاشکرا بێت یان نهێنی، بەشێوەیەك بێت کە دەسەڵاتی بەریتانی توڕە نەبێت کە لەگەڵ حکومەتی عێراق هاوپەیمان بوون، بۆیە باڵی ڕاست پێی وابوو دوورەپەرێز بن و دووربکەونەوە و هیچ جۆرە یارمەتیەك پێشکەش نەکەن[2]

مستەفا بارزانی سەرەڕای پەیوەندی تاکە کەسی لەگەڵ ئەندامانی پارتی هیوا لەشاری سلێمانی، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ ئەندامان و ڕێکخستنەکانی ئەو پارتە کەمتر تێکەڵ بووە، ڕەنگە هۆکارەکەشی زیاتر بگەڕێتەوە بۆ ڕەوتی بیرکردنەوەکانی هەردوو لایەن[3]،لەگەڵ جیاوازی بۆچوونیش، بەڵام شتێکی ئاسایی کە لەم بارودۆخ و هەلومەرجی ژینگە، لەو شێوازە خەباتکارییە سەرچاوەی دەگرت کە هەردوو لایەنەکە تا ئەو کاتە پێوەی خەریك بوون، بەڵام ئەم جیاوازیانە لە بۆچوونەکانیادا بەراورد لەگەڵ خاڵە هاوبەشەکانیان لەسەر ڕزگاری کوردستان لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی ئەوتۆ نەبوو، بەڵکو هەلومەرجەکە جۆرێك بوو هەردوو لایەنەکە مانەوە و بەردەوام بوونی خۆیان لەو دۆخە دژوارە ڕامیارییەدا تەنیا لەیەکێتی و یەکدڵیدا دەبینیەوە[4].

بەشێوەیەك ڕێکخستنەکانی پارتی هیوا گەیشتنە ئەو بڕوایەی بۆ کۆکردنەوەی هێزی چەکداری و پڕکردنەوەی بۆشایی نەبوونی ئەو هێزە ئارەزوویان بەنزیك بوونەوە و کشان بەرەو بارزانی دەکرد کە توانای ئەوەی هەبوو هێزی چەکدار بەرامبەر هێرشەکانی حکومەتی عێراقی کۆبکاتەوە، لەڕێگای ئەو هێزەش خەونی دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ بهێنێتە دی[5].

لە 12ی تەمموزی 1943 مستەفا بارزانی لەگەڵ دوو هەڤاڵی خۆی بەناوەکانی ( مستەفا عەبدوللا ئاکرەیی و سلێمانە سوور) لەشاری سلێمانی دەربازبوون[6]، بە هاوکاری کۆمەڵەی برایەتی و شێخ لەتیفی حەفید و سەرۆکی پارتی هیوا[7]، سەرەتا بۆناو خاکی ئێران پاشان بۆ دەڤەری بارزان[8].

هاوکات لەگەڵ بڕیاردانی مستەفا بارزانی بۆ ئەنجامدانی هەنگاوە سەربازییەکان، سەرۆکی پارتی هیوا (ڕەفیق حیلمی) سەردانی ڕەواندز دەکات  و لە جوندیان چاوی دەکەوێت بەئەندامانی پارتەکەی و داوایان لێدەکات بۆ

---

[1] هلبين محمد امين المزوری ، المصدر السابق، ص87.

[2] عبدالستار طاهر شريف، المصدر السابق، ص ص150 - 151.

[3] جوناثان راندل، امه في الشقاق دروب كردستان كما سلكتها، ترجمه : فادي حمود، (بيروت – 1997)، ص172.

[4] فەرەیدوون نووری، بزاڤی بارزانی، (هەولێر - دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس - 2007) ، ل139.

[5] هەمان سەرچاوە، ل139.

[6] ڕەفیق ڕەحمان مام خول، مستەفا بارزانی و رۆڵ و هەڵوێستی لە پێشهاتەسیاسەکاندا (1958-1970) ،(هەولێر - چاپخانەی شەهاب - 2012)، ل41.

[7] فەیسەل دەباغ،سەرچاوەی پێشوو،ل19.

[8] أيوب بارزاني،المقاومة الكردية للاحتلال 1914–1958،(فرنسا- دار نشر حقائق المشرق-2002)،ص204.

کارکردن لەسەر کۆکردنەوەی پارە و چەکی پێویست بۆ پاڵپشتی کردن لە بارزانیەکان [1]، هەروەها لە کەرکوکیش ئەندامانی پارتی هیوا هەمان کاریان ئەنجامدا، بەمەش شۆڕش لەسەر دوو بنەمای تۆکمە جێگیر بوو، بنەما هزری و ڕێکخستنەکەی لە ئەستۆی پارتی هیوا بوو، لەلایەکی دیکەوە کۆڵەکە سەربازییەکەی لەلایەن مستەفا بارزانی سەرکردایەتی دەکرا[2].

دوا بەدوای بڵاوبوونەوەی کردە سەربازییەکانی مستەفا بارزانی و دەست گرتن بەسەر بنکەکانی پۆلیس، سەرکردایەتی پارتی هیوا دەست بەجێ بەیانامەیەکی دەرکرد[3]، لەو بارەیەوە موکەرەم تالەبانی دەڵێت " بە بڵاوبونەوەی ئەم بەياننامە، حکومەت ئەمەی بە کردەوەی ڕۆشنبیرانی دەزانی و دەستی کرد بە گرتنیان لەوانە (کاکە حەمەی خانەقا، موکەرەم تالەبانی، جەلیل هۆشیار، عەلائەدین سەجادی، عەبدولقادر قەزاز) ئێمەیان هەریەکە و لە بەندیخانەی بنکەی پۆلیسێك دادەنا بۆ ئەوەی یەکتر نەبینین، لە ڕۆژی دووەم دا لە کاتی بڵاوکردنەوەی پاشماوەي بەياننامەکە (جەوهەر و کانەبی عەزیز ئاغای دزەیی) گیران، ئێمەیان بە بوختانی (هاندانی سوپای عێراق بۆ یاخیبوون) دایە دادگای عورفی کە حوکمی لە سێدارەدانمان بدات)) [4].

بەياننامەکە لە شوێنە جیاوازەکان بڵاودەکرانەوە، بە شەوانیش لە دیوارەکانیان دەدا کار گەیشتە ئەوەی لە زۆربەی شارەکانی عێراق ئەو بەياننامەیە بڵاوبکرێتەوە وەك و بەغدا و هەولێر و مووسل و دهۆك...، لە شاری مووسل حزب سێ کەسی تەرخان کرد بۆ ئەو کارە ئەوانیش( مەجید بەهائەددین، ئیسماعیل سەعید دۆسکی، محەمەد سەعید دۆسکی) ئەمەش هەراو هۆسەیەکی زۆری ناوە لەو شارەدا و حکومەتی عێراق هەستی بە ترس کرد لە شاری مووسل[5].

لە شاری هەولێریش ئەندامانی پارتی هیوا بە جۆشەوە پشتگیری شۆڕشەکەیان کرد، لەم بارەیەوە چەندین بڵاوکراوەی نهێنیان دەرکرد و راوبۆچونی خۆیان بۆ رای گشتی خەڵك لە بارەی شۆڕشەکەوە روون کردەوە، بیگومان ئەم هەڵوێستە پر حەماسەتەی ئەندامانی هیوا لەهەولێر زیاتر دەگەڕایەوە بۆ شوێنی جوگرافی رووداوەکان کەوتبووە ناو سنووری کارگێری لیوای هەولێر، بەشێوەیەك لەسەرەتای هەلایسانی شۆڕش ژمارەیەکی زۆری کوژرا و بریندار لەهێزەکانی حکومەت دەگواسترانەوە شاری هەولێر [6]. بێگومان ئەمەش رەنگدانەوەی زۆری هەبووە لەسەر ئاگادار بوونی خەڵکی هەولێر لەڕەوت و پەرەسەندنەکانی شۆڕش لەنزیکەوە.

سەبارەت بە شاری کەرکوکیش دەستەی شۆڕشگێری شارەکە بە کردەوە کەوتوونەتە پاڵپشتی کردنی هەڵسوراوانی راپەرین و کۆکردنەوەی کۆمەك و پیتاك و پەیدا کردن و ناردنی چەك و تەقەمەنی بۆ بەشداربووانی شۆڕش، بۆ ئەم مەبەستەش دەستەیەکی رۆشنبیری کەرکوکی ڕۆڵی دیاریان هەبووە لەم بابەتەدا کە زۆرینەیان لەریزی ڕێکخستنەکانی پارتی هیوا ئەندام بوون لەوانە (شێخ حوسەینی خانەقا، کاکە حەمەی خانەقا، شێخ محەمەد نەجیبی تالەبانی، جەلال حەمە سەعید، شێخ عەتای تالەبانی و چەندانی دیکە) لەوانە بوون[7].

---

[1] شاخوان عبدالله صابر،المصدر السابق، ص119.

[2] هلبين محمد امين المزوری ، المصدر السابق، ص156.

([3]) سەبارەت بەناوەرۆکی بەياننامەکەی پارتی هیوا جەختی لەچارەسەر کردنی گیروگرفتی کوردستان دەکردەوە و داکۆکی لە راپەرین و نارەزایەتی بەرامبەر کردەوەی نارەوای دەستەی بەرێوەبەری ئەم ناوچەیە دەربری بوو و کۆمەڵانی کوردی بۆ تێکۆشان دژ بەسیاسەتی دەولەتی عێراق هان دەدا . بۆ دەقی بەياننامەکە بگەرێوە بۆ : عبدالفتاح علي يحيى البوتاني، وثائق عن الحركة القومية الكورديه التحرريه ،(اربيل - مؤسسه موكرياني للطباعة والنشر – 2001)، ص ص 536 - 538.

([4]) موکەرەم تالەبانی ، چەند لاپەرەیەك لەتێکۆشانی پارتی هیوا، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ، ژمارە (136) ، ( بەغدا – 1995 )، ل37.

(5) هلبين محمد امين المزوری ، المصدر السابق، ص157.

([6]) اسماعيل شكر رسول، المصدر السابق ، ص ص199 – 200 .

([7]) دلشاد مەحمود عەبدولرحمان ، کەرکوك..... ، ل136.

جگە لەمەش لەگەڵ پەرەسەندنەکانی شۆڕشی دووەمی بارزان، پارتی هیوا چالاکییەکانی چڕ کردەوە بەتایبەت باڵی چەپی ئەم پارتە کە هەریەکە لە " هەمزە عەبدوڵڵا و عەونی یوسف و دکتۆر جەعفەر محەمەد عەبدوڵڵا" نوێنەرایەتییان دەکرد، بەمەبەستی پاڵپشتیکردن لە مستەفا بارزانی و شۆڕشەکەی، بەشێوەیەك گۆڤاری هیوای پارتەکەش بەیانیکی ئاراستەی گەلی کورد کرد و تێیدا جەختی لە خەبات و تێکۆشان دەکردەوە لەدژی حکومەتی عێراقی[1].

لەڕووی سەربازیەوە پارتی هیوا داوای لەئەفسەر و سەربازە ئەندامەکانی خۆی کرد لەسوپای عێراقی دژی بارزانییەکان نەجەنگن، بەتایبەت ئەفسەرانی فیرقەی دوو کە بارەگاکەی لەکەرکوك بوو[2]، هەر ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی سەنگەر و قەڵای پۆلیس لەناوچەی بارزان بێ بەش بمێننەوە لە پشتیوانی سەربازی و بارزانییەکان یەك لەدوای یەك دەستیان بەسەردا بگرن[3]،لەلایەکی دیکەوە پارتی هیوا هەوڵیدا لەرێگای ئەندامە سەربازییەکانی کردەیەکی سەربازی ئەنجام بدەن بەمەبەستی کەمکردنەوەی فشارەکانی حکومەت لە ناوچەی بارزان، بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە بەکر حەوێزی دەست نیشانکرا کە ئەفسەر بوو لەسوپای عێراقی بۆ چەکدارکردنی چەند کەسانێك لەکۆیە و هەروەها پەیوەندی بەستن لەگەڵ هەندێك ناودارانی ناوچەکە بۆ ئەنجامدانی کردە سەربازییەکە، بەڵام هەوڵەکە سەرکەوتوو نەبوو بەهۆی دەستگیرکردنی هەندێك لەو کەسانەی کە ئامادەکرابوون بۆ ئەنجامدانی کردەکە لەلایەن حکومەتەوە[4].

لەبارەی ڕۆڵی پارتی هیوا، خاوەن کتێبی " بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد" دەڵێت" پارتی هیوا دەورێکی کاریگەری هەبوو لەکۆکردنەوەی جەماوەر بەدەوری بارزانیدا، ئەو سەرکەوتنانەی بارزانی بەدەستی هێنابوون بەناو گەلدا بڵاو بووبوونەوە ورەی جولاندبوون و زاتی بەهێز کردبوون، یەك لەو چالاکییانەی( هیوا) دەستی دابوویە بریتی بوو لە بڵاوکردنەوەی بەیاننامە لە بەغدا و هەموو شارەکانی عێراقدا، کە پشتی ڕاپەرینیان دەگرت و دژی ئەو کردەوانە بوون حکومەت پیشانی دەدا لەنیاز خراپی دژی گەلی کورد و دژی ناوچەی بارزان بەتایبەتی[5]".

گومانی تێدا نییە هەنگاوەکانی پارتی هیوا کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر ڕەوت و پەرەسەندنەکانی شۆڕشی بارزان، لەم بارەیەوە "سەعدی عوسمان " دەڵێت " شۆڕشی بارزان بە پشتگیری لێکردنی پارتی هیوا بایەخ و گرنگیەکی زیاتری وەرگرت، چونکە ئەو پشتگیریە لەلایەك ڕەمزی پاڵپشتی بزاڤی نیشتمانی کورد بوو بۆ ئەم راپەرینە و لەلایەکی ترەوە بووە هۆی گرێدانی خەباتی سیاسی بە راپەرینی چەکداری بەشێوەیەکی بەتینتر، لەکاتێکدا هەموو راپەرینەکانی پێشتر زیاتر بەرجەستە بوونی خەباتی چەکداری کوردی بوون نەك سیاسی لەئەنجامی ئەوەدا دەتوانین ئەنجامی ئەو شۆڕشە بەخاڵێکی وەچەرخان دابنێین لەبزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستانی باشوور"[6].

لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکانیش پارتی هیوا لەڕێگای ڕێکخستنەکانی شاری مووسڵ کە دوو ئەندامی چالاکی ئەو لقە راسپێردران بۆ چاوپێکەوتن بە مستەفا بارزانی لە بارەگاکەی لە گوندی "بێستری" لە باکوری

---

([1]) اسماعیل شکر، المصدر السابق ، ص 196.

([2])صدیق عثمان محو،العامل الخارجی ودوره فی اخماد الانتفاضات الکوردیه( دور بریطانیا فی اخماد انتفاضتی بارزان الاولی والثانیه 1931 – 1945 نموذجا ،(اربیل - مطبعة الثقافه - 2010)، ص190.

([3]) فەیسەل دەباغ ، سەرچاوەی پێشوو ، ل28.

([4]) بەکر عەبدولکەریم حەوێزی ، بیرەوەریەکانم لەرۆژهەڵاتی کوردستاندا 1944 – 1947 ، بەشی یەکەم ،( کۆیە - دەزگای سەردەم – 1993 )، ل14.

([5])مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد (1931 -1958) ، (هەولێر - 2012 ) ، ل118.

(6) سەعدی عوسمان هەروتی، بزاڤی رزگاریخوازی کوردی(سەرهەلدان و قۆناغەکان و نمونەیەك)، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - 2006)، ل ل112 – 113 .

ڕۆژئاوای مێرگەسور بەمەبەستی رادەستکردنی چەندین پێشنیار و داواکاری نەتەوەیی کە لەکاتی دانوستاندنەکان لەگەڵ حکومەتی عێراقی داوای بکات [1]، لەگەڵ گەیاندنی نامەی هەڕەشە بۆ ژمارەیەك لەو سەرۆك عەشیرەتانەی کە دەیانەوێ لە دژی شۆڕش بوەستن و پاڵپشتی حکومەتی عێراقی بکەن[2].

لەو بارەیەوە بەرپرسی لقی مووسلی حزبی هیوا(محەمەد عەبدولقادر ئامێدی) دوو ئەندامی چالاکی ئەو لقەی راسپارد بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکە کە بریتی بوون لە (سوبغوڵا ئەمین حەسەن مزوری و سەعید مەلا عەبدول موحسین)، جگە لەگەیاندنی پێشنیارەکان، لەگەڵ خۆیان کۆپییەك لەڕۆژنامەی ( فتی العراق ) مووسڵی بۆ بارەگای سەرکردایەتی لە گوندی "بێستری" هێنابوو کە تێیدا ئەو بڕیارەی حکومەتی تێدا بڵاو کرابووەوە کە تایبەت بوو بە بەخشینی دەستەواره بۆ هەر کەسێك هەڵسێت بەرادەستکردنەوەی مستەفا بارزانی بە حکومەت بە زیندوویی یاخود مردوویی[3].

جگە لەمانەش پارتی هیوا هەوڵەکانی چر کردەوە بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی بۆ کێشەی کورد، بۆ ئەم مەبەستەش یاداشتێکی بۆ بالوێزخانەی بەریتانیا لەعێراق نارد، تێیدا گوێچکەی بالوێزخانەی بەریتانیای زرنگاندەوە و داوای حکومەتێکی لامەرکەزی کرد بۆ کورد لەژێر سێبەری مستەفا بارزانی[4]، لەهەمان کاتدا لەبەغدا بیرخەرەوەیەکی دایە بالوێزی ئەمریکا کە تێیدا داوای پشتگیریان لەئەمریکا کرد، بەڵام ئەمریکا هیچ وەڵامێکی ئەو هانا بردنەی نەدایەوە[5].

دیارە بەیاننامە و چالاکییەکانی پارتی هیوا سەرنجی هەردوو حکومەتی بەریتانیا و عێراقی راکێشا و هەستیان بەوە کرد کەوا گۆڕانکارییەکی نوێ لە بزووتنەوەی نیشتیمانی کوردیدا پێك هاتووە، زانییان ئەوەی لە کوردستان دەکرێ یاخیبونێکی عەشایری نیە لەناو چیاکاندا ڕووی دابێ و بە سانایی بێتە چارەسەر، بگرە ئەوە بزوتنەوەیەکی چەکداری نەتەوەییە کە گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا پشتی دەگرێ بە تایبەتی چینی رۆشنبیر و ئاواتی گەلی کورد پیشان دەدات[6].

لەو بارەیەوە موتەسەریفی موسڵ لەنووسراوێکیدا بۆ وەزارەتی ناوخۆ تیشك دەخاتە سەر توانا و پێگەی شۆڕشی دووەمی بارزان لەناو جەماوەر و رایدەگەیەنێت کە جولانەوەکەی مستەفا بارزانی بریتی نیە لەیاخی بوونێکی سادە، بەڵکو تێکەل بەسیاسەت بووە و هەستی کوردایەتی گەیشتوەتە رادەیەك کە لەروخساری گەنج و سەرۆکەکانیان دەخوێندرێتەوە[7].

دوای دەست لەکارکێشانەوەی کابینەی حەوتەمی نوری سەعید لە 19ی کانونی یەکەمی سالی 1943،لە25ی هەمان مانگ، نوری سەعید کابینەیەکی نوێی پێکهینا[8]، لەم کابینەیەدا سێ وەزیری کوردی تێدابوو"عومەرنەزمی "بۆ

---

([1])عمر محمد محمد کریم ،القضیه الکردیه فی سیاسه الحکومات العراقیه 1932 – 1945، (السلیمانیه - مطبعة شڤان - 2009)، ص ص 267 - 268.

(2) هلبین محمد امین المزوری ، المصدر السابق، ص158.

([3])عبدالفتاح علی البوتانی، الحیاه الحزبیه.... ، ص323.

([4])عەلائەدین سەجادی ، شۆڕشەکانی کوردو وە کوردو کۆماری عێراق ،( تاران - ئەتلەس چاپ - 2005 )، ل171.

([5])جەمال نەبەز ، کوردستان و شۆڕشەکەی ،وەرگێران:کوردۆ، (ئەلمانیا – چاپخانەی نوکسەوە - 1972)، ل114.

[(6)] مسعود بارزانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل118.

[(7)]عزیز حسن عزیز البارزاني، الحرکه القومیه الکوردیه التحرریه فی کوردستان العراق 1939 - 1945،( دهۆك - دار سپیرێز للطباعة والنشر - 2002)، ص137.

[(8)]ابراهیم محمد العقیدی ، الجیش العراقي والسیاسه 1941 – 1953 ، (بغداد – مکتبه النهضه العربیه للطباعة والنشر والتوزیع – 2017 )، ص222.

وەزارەتی ناوخۆ، "ئەحمەد موختار بابان" بۆ وەزارەتی داد، "ماجید مستەفا" وەزیری بێ وەزارەت کە تایبەت بوو بۆ چارەسەری کێشەی کورد [1].

سەبارەت بە وەزیرە کوردەکانیش، هەریەکە لە ئەحمەد موختار بابان و عومەر نەزمی پەیوەندیان بە جولانەوەی کوردەوە نەبووە، بەڵام ماجید مستەفا سیاسی ناسراوی کورد ماوەیەکی درێژ هاوکاری شێخ مەحمود بووە لە شۆڕشەکانی، پاش کوتایی هاتنی شۆڕشەکانی شێخ مەحمود ناوبراو دەچێتە ناو دەزگا بەرێوەبەرایەتییەکانی عێراق[2].

ماجید مستەفا لەدوای دامەزراندنی لەو پۆستە تازەیە داوای لەحکومەت کرد کە سێ ئەفسەر لەناو ریزەکانی سوپا بەناوی (ئەفسەرانی پەیوەندی)رەوانەی ناوچەی بارزان بکات[3]، بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵیدا لەپارتی هیوا نزیك بێتەوە، کە ئەوان پشتیوانی شۆڕشی بارزانیان دەکرد، داوای لێکردن سێ لەئەندامانیان بنێرن بۆ بارزان بۆ لێکۆڵینەوە لەداواکارییەکانی بارزانی[4].

لەهەمان کاتدا بەپارتی هیوای راگەیاند لە پێناو قازانجی کورد ئەم پۆستەی وەرگرتووە، مەبەستیشی لەو خۆ نزیکردنەوە لەپارتی هیوا زیاتر بۆ دوورخستنەوەی تۆمەتی خیانەت لەخۆی و لەراستیدا توانیشی ئەم کارە ئەنجام بدات[5]، دیارە پارتی هیوا بەداواکاریەکانی ماجید مستەفا خۆشحال بوون، بۆ ئەم مەبەستە سێ ئەفسەریان هەڵبژراد بەناوەکانی " ئەمین رەواندزی، عزەت عەزیز و سەید عەزیز سەید عەبدوڵلا " نارديانە لای ماجید مستەفا، پاش ئەنجامدانی گفتوگۆ هەرسێکیانی وەك ئەفسەری پەیوەندی نارده مێرگەسۆر بۆ  گفتوگۆکردن لەگەڵ بارزانی[6].

پاشان ماجید مستەفا بۆ وتووێژ کردن لەگەڵ مستەفا بارزانی لەبەغداوە بەرەو ناوچەکانی بارزان کەوتەرێ، کە لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە رۆشنبیران و ئەندامانی پارتی هیواوە لەرێگەی هێڵی ئاسنی بەغداوە بەرەو کەرکوك بەرێکرا، چونکە لەو بروایە بوون کە بۆجێبەجێکردنی داخوازی کوردەکان دەچێتە بارزان[7]، ناوبراو لە 7ی کانونی دووەمی 1944 گەیشتە مێرگەسۆر، لەپاشاندا لەگوندی " سپیندار" چاوی بە بارزانی کەوت، کە ئەویش لەرێگای ماجید مستەفا"وە داخوازییەکانی میللەتی کوردی خستە بەرچاوی کاربەدەستانی حکومەتی عێراقی[8].

دواتر بارزانی لەسەر پێشنیاری ماجید مستەفا، بەیاوەری چەند سەرۆك هۆزێك بەرێکەوت بۆ بەغدا[9]، مەبەستیش لەو سەردانە بۆ ئەوە بوو کە گومان نەمێنێت و متمانە و باوەڕ دروست ببێت لەنێوان سەرکردایەتی کورد و حکومەتی عێراقی و ئیمزا کردنی پێکهاتنەکە[10].

مستەفا بارزانی و شاندە یاوەرەکەی سەرەتا ڕوویکردە شاری هەولێر [11]، پاشان لە ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 21ی شوباتی 1944 ڕوویکردە شاری موسڵ [12] و لەشوێنی حەوانەی خۆی لە میوانخانەی دیجلە چاوی کەوت بە

---

[1]نجم سەنگاوی ، کوردستان و سەرکردە و دەسەلات و شۆرشەکانی لە 1169 – 1994 ، (بێ شوێنی چاپ -2014 )، ل457.

[2]نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن (دیوی ناوەوەی رووداوەکانی کوردستانی عێراق 1979-1983،(بێ شوێنی چاپ- 1997) ، ل47.

([3]) عەلائەدین سەجادی ، سەرچاوەی پێشوو، ل175.

(4)عوسمان عەلی، چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد، وەرگێران:کامەران جەمال بابان زادە، بەرگی دووەم، (سلێمانی- چاپخانەی رِێ نوێ -  2010)، ل276.

(5)مەعروف چیاووك ، کارەساتی بارزانی زوڵملێکراو ، وەرگێران: ئەبوبکر سالح ئیسماعیل، (هەولێر- دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریانی - 2008)، ل168.

([6]) عەلائەدین سەجادی ، سەرچاوەی پێشوو، ل175.

[7] فەرەیدوون نووری، سەرچاوەی پێشوو، ل151.

(8) فەیسەڵ دەباغ ، سەرچاوەی پێشوو ، ل36.

[9] أيوب بارزانی،المصدر السابق، ص218 ؛ مکرم الطالبانی، المصدر السابق ، ص77. سەبارەت بەشاندەکەی بارزانی بۆ بەغدا، (فەتاح ئاغا) سەرۆك هۆزی هەرکی یاوەری بارزانی بوو لەو سەردانەدا. مەعروف چیاووك ،سەرچاوەی پێشوو، ل125.

[10] نجم سەنگاوی،سەرچاوەی پێشوو، ل461.

ژمارەیەك لەئەندامانی لقی موسڵی پارتی هیوا، لەمیانەی دیدارەکەدا باس لەچەند بابەتێك کرا لەوانە تەنگژە نێوخۆیەکانی پارتی هیوا، هەروەها ئەو پێشنیار و داواکارییانەی کورد کە ڕێکخستنەکانی موسڵ گەیاندبوویانە بارزانی لەبارەگای سەرکردایەتی لە " بێستری"[1].

لەو هەلومەرجەدا حیزبی هیوا لەڕێکەوتی 10 شوباتی 1945 کۆنفرانسێکی لەناوەندی حیزب کە لە شاری بەغدا بوو بەست، نامەیەکیان لەڕێگەی "محەمەد مەحمود قودسی[2]" نارد بۆ مستەفا بارزانی لە ناوچەی بارزان بۆ یەکخستنی هەوڵەکانیان و دامەزراندنی لێژنەیەکی هاوبەش بۆ سەرکردایەتی کردنی شۆڕش[3].

بەم شێوەیە لەڕێکەوتی 15 شوباتی 1945دا لە گوندی بارزان پاش کۆمەڵێك کۆبوونەوەی چڕ و پڕ بەسەرپەرشتی مستەفا بارزانی و ژمارەیەك لەئەفسەرە هاوڕێکانی بڕیاردرا لەسەر پێکهێنانی لێژنەیەك[4] بەناوی (هەیئەتی ئازادی) بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی[5]، ئەفسەرە بەشداربووەکانیش لەدامەزراندنی لێژنەی ئازادی بریتی بوون لە:( عزەت عەبدولعەزیز خەڵکی ئاکرێ، مستەفا خۆشناو خەڵکی بێتواتە، عەبدولحەمید باقر خەڵکی خانەقین، مەحەمەد مەحمود قودسی خەڵکی سلێمانی، ئەحمەد ئیسماعیل خەڵکی شاری هەولێر، شەوکەت نەعمان و حیفزوڵڵا ئیسماعیل لە ئاکرێ) [6].

هەر لەکۆنگرەکەدا بڕیاردرا کەوا بەشێوەیەکی کاتی گوندی بارزان بکرێتە ناوەندی بارەگای سەرەکی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی، کاربکرێت بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان، هەروەها کورد سیاسەتی خۆی بە هیچ کام لەو بلۆکانەی هەن پەیوەست نەکات[7].

دوا بەدوای پێکهینانی لێژنەی ئازادی، سەرۆکی پارتی هیوا لە 30ی کانوونی دووەمی 1945 نامەیەك بۆ مستەفا بارزانی دەنێرێت و تێدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەر بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی ئەگەر دووربینی و پەیرەوپرۆگرامێکی روونی نەبێت تووشی شکست دەبێت، هەروەها تیشك دەخاتە سەر ئەوەی بززوتنەوەکە بەهێزە و پێویستی بەسەرکردەیەکی چاونەترس و بەتوانایە لەگەڵ دوو دەستی بەهێز، دەستێکی سەربازی ئەویتریان سیاسی، وە هەوڵبدەین کە هەردوو ڕێکخراوەکەمان ( پارتی هیوا و لێژنەی ئازادی) بکەین بەیەك ومەڵبەندی سەرکردایەتی لەبارزان بێت[8].

---

[11] عمر محمد محمد کریم ، المصدر السابق ، ص ص295- 296 .

(12)عبدالفتاح علی یحیی البوتانی، وثائق عن الحرکه القومیه .... ، ص532.

([1])عبدالفتاح علی البوتانی، الحیاه الحزبیه.... ، ص325 .

(2) ناوبراو بە بنەچە خەڵکی شاری سلێمانییەو لەبنەماڵەیەکی ناوداری ئەو شارەیە، بەڵام بەهۆی ئەوەی لەشاری (قودس) ی فەلەستین لەدایکبووە ئەو نازناوەی لێندراوە، لەساڵی 1942 کۆلێژی ئەفسەری لەبەغدا تەواو دەکات و بەشداری کردووە لەشۆڕشی بارزان و پاش لەناوچوونی شۆڕش لەگەڵ مستەفا بارزانی دەچێتە کۆماری کوردستان لە مەهاباد، دوای هەرس هێنانی کۆمار دگەڕێتەوە عێراق و لەلایەن حکومەتی پادشایەتییەوە بە تۆمەتی خیانەت لە عێراق و بەشداریکردنی لە شۆڕشی بارزاندا لە 19 حوزەیرانی 1947 لە سێدارە دەدرێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: کەریم زەند ، سوری ژیان، ( سلێمانی – 2003)، ل 125.

[3] محمد علی سلطانی،اوضاع سیاسی اجتماعی تاریخی ایل بارزان،( تهران – سازمان اسناد و کتابخانه ملی جمهوری اسلامی ایران ، 1384هـ ش)،ص67.

([4]) مسعود بارزانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل133.

[5] نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل49 .

[6] محمد علی سلطانی، منبع پیشین ، ص67.

[7]ئەحمەد محەمەد ناسر باوەر ، دۆزی کورد لە پەیوەندییەکانی عێراق – ئێراندا 1937 – 1947،( سلێمانی – سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجیی کوردستان – 2010 )، ل166.

(8) نجم سەنگاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل469.

مستەفا بارزانی لە 15ی شوباتی 1945 پێشوازیی لەو هاودەنگییە کرد و پێشنیاری کرد مەڵبەنـدی چالاکییـەکانی پارتی هیوا لە بەغدا بمێنێتەوە و لەکاتی دەستپێکردنی شەڕدا مانگرتن و خۆپیشاندان دژی حکومەت ساز بکـەن، بـە پەخشـکردنی بڵاوکـراوەی خۆیـان هـەواڵی شـۆڕش بگەیێننـە خـەڵکی عێـراق و شـار و شـارۆچکە و دێهاتـەکانی کوردستان[1].

دیارە لەدوا ساتەکانی شۆڕش ڕەفیق حیلمی هەڵوێستی خۆی گۆڕی، بەتایبەت دوای دەرکـەوتنی کێشـە لـەنێوان ئەو و لیژنەی ئازادی سەبارەت بە سەرکردایەتی کردنی شۆڕشەکە، بۆیە هەبوونی دوو ناوەندی سەرکردایەتی شۆڕش و نەبوونی هەماهەنگی نێوانیان لەڕووی سیاسی و سەربازی وای لە ڕەفیق حیلمی کرد هەڵوێستی خۆی بگۆڕێت و لە شۆڕشەکە بکشێتەوە[2].

**ب- پەیوەندییەکانی پارتی هیوا لەگەڵ کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان**

نیزامـی ئیسـتبداد و سـەرەڕۆیی ڕەزا شـا(1878 – 1943) هۆکـار بـوو بـۆ ئـەوەی فەزایـەکی ئاوەڵـەی سیاسـی سەرانسەری ئێران دابگرێت و کوردستانی ڕۆژهەڵاتـیش بـەهۆی لـەبار بـوونی سـوژەی بـەهێزی سیاسـی پێشـەنگی بنیاتنانی ڕێکخراوی سیاسی بوو[3]، بەتایبەت بارودۆخی نێوخۆیی ئێران لەلایەك و ناسـیۆنالیزمی پێگەیشـتووی کـورد لەکوردستانی عێراق" پارتی هیوا" لەلایەکی دیکەوە مێشکی ڕوناکبیرانی کوردستانیان براز کردبوو[4].

سەبارەت بەپارتی هیوا ئەوکات بەهێزترین ڕێکخراوی سیاسی بـوو لـە کوردسـتانی عێـراق دوو کـەس لەئەندامـە شـارەزاکانی خـۆی کـە بریتـی بـوون لـە میرحـاج ئەحمـەد ( 1905 – 1987) و مسـتەفا خۆشـناو کـە هـەردووکیان ئەفسەربوون بۆ دروستکردنی پەیوەندی و هاوکاری و هاوخەباتی لەگەڵ کوردی ئێران ناردە ڕۆژهەڵاتی کوردستان[5].

دوای پەیوەندی و بەیارمەتی و ڕێنوێنی نوێنەرانی پارتی هیوا لە (16ی ئابی1942) دەستەیەك لە رۆشنبیرانی شاری مەهاباد لە نزیك چەمی سابلاغ لە باغی حاجی داود (کۆمەڵەی ژیانەوی کورد)یان وەك ڕێکخـراوێکی سـیاسی کـوردی دامەزراند[6].

هەرچەندە دەربارەی مێژووی دامەزراندنی کۆمەڵـەی (ژ . ك ) سـەرچاوەکان لەگـەڵ یـەکتر هـاوڕانین، لەوانەیـە هۆکاری ئەم ناڕوونیە بگەڕێتەوە بۆ بەشێك لەنووسەران کـە لەنووسـینەکانیان پشـتیان بەسـتبێت بـە سـەرچاوەکەی ولیەم ئیگلتن کە ناوبراو لەنووسینەکەیدا مانگی گەلاوێژی کوردی بەهەڵە کردۆتە مـانگی شـهریوەری ئێرانـی کـەچی مانگی گەلاوێژی کوردی بەرامبەر دەبێت بە مانگی (مرداد)ی ئێرانی، بەشێوەیەکی گشتی زۆربـەی سـەرچاوەکان 25 گەلاوێژیان بە 16 ئەیلول داناوە کە لەراستیدا مانگی گەلاوێژ( تەمووز – ئاب ) دەگرێتەوە[7].

---

[1] رەفیق رەحمان مام خول ، سەرچاوەی پێشوو، ل ل50 – 51 .

[2]هلبين محمد امين المزوری ، المصدر السابق، ص185.

[3]سەعیدی هومایون ، پێشەوای رابوون ، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی : هاشـم سـەلیمی، وەرگێـران : رەسـووڵ سـوڵتانی ، ( هـەولێر – دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی – 2007 ) ، ل41.

[4]حسین مەدەنی، کوردستان و ستراتیژی دەولەتان، بەرگی دووەم، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات- 2009)، ل 198.

[5]نەوشیروان مستەفا ئەمین ، حکومەتی کوردستان "رێبەندانی 1324 – سەرماوەزی 1325 " کورد لەگەمەی سۆڤێتی دا ، چاپی سێیەم ، ( سلێمانی – چاپخانەی تیشك – 2007 )، ل77.

[6]نەوشێروان مستەفا ئەمین، حکومەتی کوردستان ....، ل77 ؛ حسین مەدەنی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل212.

[7] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بۆچوونە جیاوازەکان لەسەر مێژووی دامەزراندنی کۆمەڵەی (ژ . ك) بگـەڕێوە بـۆ : حامیـد گەوهـەری ، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، ( هەولێر – دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس – 2004 )، ل ل 9 – 11 ؛ سوارە قەڵادزێیی ، راپەرین و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و کاریگەری لەسەر هەستی نەتەوایەتی و دەسەڵاتی داگیرکەرانی دەڤەر لە ( 1991ز تا 2003 )،(سلێمانی – چاپخانەی کارۆ – 2005 )، پەراوێزی ل29.

زۆربەی شارەزایانیش پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە سەردانی ئەو دوو ئەندامە باڵایەی پارتی هیوا کۆمەڵەی ژیانەوی کوردی هێنابێتە دوونیای بوون[1]، بەم شێوەیە کۆمەڵەی ژیانەوی کورد پشتی بەشێوازی پارتی هیوا بەست بۆ هێنانی ئەندامەکان بۆ نێو ریزی کۆمەڵەکەی، کە ئەو کەسەی دەبێت بە ئەندام دەبێت سوێند بە قورئان و ئاڵای کوردستان بخوات[2].

کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵەی ژیانەوی کورد لە ساڵی 1943 بەسترا لەسەر گردی (خودا پەرست) نزیك شاری مهاباد، نزیکەی (100) ئەندام ئامادەی کۆنگرەکە بوون، وە (میرحاج ئەحمەد) لەلایان پارتی هیوا وەکو چاودێرێك ئامادەی کۆنگرەکە بوو، لە کۆتایی کۆنگرەکە چەند بڕیارێکیان دەرکرد لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە، لە هەمووی گرنگتر دەرکردنی گۆڤارێك بە ناوی (نیشتیمان) بۆ ئەوەی ببێتە زمانحالی کۆمەڵەی ژیانەوی کورد[3]، کە ئامانجی یەکەمی مافی خودموختاری بوو بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و مەسەلەی خەباتیش بۆ ڕزگارکردنی کوردستانی گەورە و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ بۆ قۆناغێکی دواتری دانابوو[4].

شیاوی باسکردنە ئەم کۆنگرەیە وەك کۆنگرەی دامەزراندن ئاماژەی بۆ دەکرێت، چونکە لەم کۆنگرەیەدا بریاردرا لەسەر هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە و " حوسێن فروهەر" یش وەك لێپرسراوی کۆمیتەی کۆمەڵە هەڵبژێردرا و پاشان بەرپرسی لێژنەکانی راوێژکاران و چاپ و بڵاوکردنەوە و بەپرسی دارایی دانران[5].

لەچوارچێوەی ئەو پەیوەندیانەی کە لە نێوان هەردوو لایەن دروستبوون، دەرکردنی دوو ڕۆژمێری ساڵانەی کوردی بوو، کە لە لایەن کۆمەڵەی ژیانەوی کوردەوە بڵاوکرایەوە، دواتر هەردووکیان بە ناوی (هیوا و ژیانەوی کورد)وە چاپکرد، لەسەردێری ئەم ڕۆژمێرەش کە بۆ ساڵی (1322 هەتاو) بەرامبەر (1943 میلادی) ئامادە کرابوو نووسراوە ((بژی سەرۆك و کورد و کوردستان و هیوا) هەروەها لە ڕۆژئەژمێری تایبەتی کۆمەڵەی "ژ . ك " بۆ وەرزی 1323 هەتاوی بەرامبەر بە( 1944 – 1945 )نووسراوە ((ئەم ساڵی تازەیە لە هەموو ئەندامەکانی (ژ.ك و هیوا) و هەموو کوردێك پیرۆز بێت کە لە پێناو سەربەستی نەتەوەی کورد تێدەکۆشێ)) [6].

نوێنەرانی هەردوو ڕێکخراو دیدەنی یەکتریان دەکرد و ئالوگۆری بیروڕایان دەکرد، نوێنەری کۆمەڵەی ژیانەوی کورد بە سەرۆکایەتی (محەمەد ئەمین شەرەفی) لە ئازاری 1944 دا سەردانی شاری کەرکوك و سلێمانی کرد[7] و لەگەڵ ئەندامانی هیوا کە لە (ئەمین ڕەواندزی، عیزەت عەبدولعەزیز، مستەفا خۆشناو، شێخ قادری حەفید و سەید عەزیز شەمزینی و ڕەفیق حیلمی) پێکهاتبوون، کۆبونەوە و باس لە هاوکاری و تەبایی نێوان هەردوولا کرا[8]، لە دوای ئەمە بە چەند مانگێك کە سەرەتای هاوین بوو (ئیسماعیل حەققی شاوەیس و عوسمان دانش) بە نوێنەری هیوا بۆ سەردانی کۆمەڵەی ژیانەوی کورد چونە مەهاباد[9]، دواتریش چەند کەسێکی تر وەکو (هەمزە عەبدوڵڵا و محەمەد

---

(1) کەیوان ئازاد ئەنوەر، کوردستان و کورد لەچەند لێکۆلینەوەیەکی مێژوویدا،(سلێمانی - چاپخانەی بابان ، 2010)، ل109.

(2) هلبین محمد امین المزوری ، المصدر السابق، ص ص128 – 129.

(3) المصدر نفسه، ص130.

(4) دلشاد مەحموود عەبدوڕڕەحمان ، ئیسماعیل حەققی ... ، ل95.

(5) ولیام ایغلتن الابن ، جمهوریه مهاباد- جمهوریة 1946 الكردیة ، ترجمه: جرجیس فتح الله،(اربیل – دار اراس للطباعة والنشر – 2012 )، ص ص70 – 71.

(6) نەوشێروان مستەفا ئەمین، حکومەتی کوردستان ....، ل77.

(7) سوارە قەڵادزێیی ،سەرچاوەی پێشوو، ل ل37 - 38.

(8) عبدالستار طاهر شریف ، المصدر السابق ، ص148.

(9) نەوشێروان مستەفا ئەمین، حکومەتی کوردستان ....، ل77.

تۆفیق وەردی) بە مەبەستی بەهێزکردنی پەیوەندی دۆستایەتی و هاوکاری نێوان هەردوولا سەردانی شاری مەهابادیان کرد[1].

لیژنەی ناوەندی کۆمەڵەی ژیانەوی کورد لە ڕاپۆرتێکدا بۆ کونسولی سۆڤیەت دەڵێت ((پارتی هیوا لە کوردستانی عێراق بۆ دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ پارتی ئێمە دوو ئەندامی خۆی ناردۆتە لامان، ئێمە و نوێنەرانی پارتی هیوا بڕیارمان دا بە هەموو هێزەوە بۆ بەرەو پێشبردنی ئامانجەکانی ئەو دوو پارتە تێبکۆشین، ئەوان قبوڵیان کرد هەرکاتێك بخوازن لەگەڵ حکومەتێك پەیوەندی بگرن پرس بە ئێمە بکەن[2].

ئەوەی کەوا پەیوەندی ئەم دوو لایەنەی (پارتی هیوا و کۆمەڵەی ژیانەوی کورد) بە هێزتر کرد ئەوەبوو کە کۆمەڵەی ژیانەوی کورد لقێکی لە شاری سلێمانی کردەوە، ئەویش دوای ئەوەی لە کۆتایی ئەیلولی 1944 نزیکەی (15) کەس لە ماڵی (ئیسماعیل حەققی شاوەیس) کۆدەبنەوە و لەنێویاندا هەریەکە لە ( سدیق شاوەیس، عوسمان دانش، حەمە عەلی مەدهۆش، شاعیری ناسراو فایەق بێکەس، بەهێ مەعروف، عەزیز میرزا گوروون ئامادەییان هەبوو [3]، هەر لەم کۆبونەوەیەدا دوای وتوویژێکی زۆر بڕیاری دامەزراندنی لقی باشووری کوردستانی کۆمەڵەی ژیانەوی کورد دەدەن و لیژنەیەکی کارگێری بۆ دروست دەکەن کە کاروبارەکان بەڕێوەببات[4]، ئەم لیژنەیە لە (5) کەس پێکدێت و (ئیبراهیم ئەحمەد[5]) کە ئەوسا خاوەنی گۆڤاری گەلاوێژ بوو بەکۆی دەنگ کرا بە بەرپرسی ئەو لێژنەیە[6].

لە ئەنجامی بەرەوپێش چوونی پەیوەندیەکانی کۆمەڵە لەگەڵ تێکۆشەرانی پارچەکانی تری کوردستان لە ئابی 1944 لە چیای (دالانپەر) کە دەکەوێتە سنوری (ئێران-عێراق-تورکیا) [7] بە ئامادەبوونی قاسمی قادری نوێنەری کوردستانی ڕۆژهەڵات، نوێنەری کوردستانی باشور لەلایەن پارتی هیواوە شێخ عوبێدوڵلا بوو دانیشتوی دێ زینوێ و نوێنەری کوردستانی باکور قازی مەلا وەهاب بوو پەیمانێکی سێ قۆلیان مۆرکرد بەناوی هەرسێ پارچەکەی کوردستانەوە ئەو پەیمانە بە پەیمانی (سێ سنور) ناسراوە[8].

ئەم پەیماننامەیە گوزارشت بوو لە کارکردنی هاوبەش و دەستە کۆ لە پێناو بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی و کورردستانی گەورە یەکێتی خاکی کوردستان جەختی لەسەر کرایەوە، هەروەها بارودۆخی فەرمانڕەوایی خۆیەخۆی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تاوتوێ کرا هەر لە میانەی ئەم کۆبوونەوەیەدا بڕیار لەسەر ئالای کوردستان درا کە ڕەنگی سور و سپی و سەوز پێکهاتبوو لەگەڵ خۆرێك لە ناوەراستیدا و دوو گوڵە گەنم لەم لاو ئەولایدا، قەڵەم و شاخێك لە پشتیەوە[9].

---

(1) عبدالستار طاهر شریف ، المصدر السابق ، ص148.

(2) ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل189.

(3) توانا ڕەشید کەریم ، سەرچاوەی پێشوو، ل77.

(4) صلاح الخرسان، المصدر السابق، ص66.

(5) لەساڵی 1914 لەشاری سلێمانی لەدایك بووە، لەساڵی 1937 کۆلیژی مافی لەزانکۆی بەغدا تەواو کردووە، ناوبراو پارێزەر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس بووە، لەسەرەتای سیەکان لەگەڵ قوتابییە کوردەکانی بەغدا کۆمەڵەی لاوانی کوردی دامەزراندووە کە دوو گۆڤاری دەرکردوە بەناوەکانی یادگاری لاوان و دیاری لاوان، لەسالی 1939 سەرپەرشتی دەرچوونی گۆڤاری گەلاوێژی کردووە، لەئابی سالی 1944 هەڵبژێردرا وەك بەرپرسی لقی کۆمەلەی ژێکاف لەکوردستانی عێراق، ساڵی 1947 پەیوەندی کرد پارتی دیموکراتی کوردی-عێراق ، لەساڵی 1951 بووەتە سکتێری پارتی دیموکراتی کوردستان، هەروەها سەرۆکی دەستەی نووسینی رۆنامەی خەبات بوو، لە 8 ی نیسانی 2000 لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە. محمد علی الصویرکی ، معجم اعلام الکرد" فی التاریخ الاسلامي والعصر الحدیث في کردستان وخارجها" ، ( السلیمانیه - من منشورات بنکەی ژین – 2006 )، ص ص8 – 9.

(6) دلشاد مەحموود عەبدوڕڕەحمان ، ئیسماعیل حەققی ... ، ل99.

(7) سوارە قەڵادزێیی ،سەرچاوەی پێشوو، ل39.

(8) نجم سەنگاوی، خەباتی چەکداری و ڕامیاری نەتەوایەتی کورد (1880-1994)،(سلێمانی- چاپخانەی پەیوەند- 2009)، ل 78 .

(9) هیوا عەزیز سەعید ، کۆمەڵەی خۆیبون.... ، ل 82.

نوێنەری (ژێکاڤ) گەڕایەوە و بەیاننامەی لەسەر کۆبونەوەکە بڵاو کـردەوە، بـەڵام سـەرکردایەتی هیـوا پەیوەسـت بوون بە ئینگلیزەوە و نەیاندەویست بەیاننامەکە بڵاوبێتەوە تا ئینگلیز لێیان نیگەران نـەبێ نـەزانێ کـوردی عێـراق هاریکاریان لەگەڵ (ژێکاڤ)ی پاڵپشتیدراوی روسـیادا هەیـە، رەفیـق حیلمـی دەستەوسـتانی دەربـڕی لـە هەوڵـەکانی ژیانەوەی کورد بۆ کۆکردنەوەی کورد لە ژێر یەك سەرکردایەتی، ئەمـە ئاماژەیـە لەسـەر ئـەوەی بەرژەونـدی دەرەکی باڵەکانی بزوتنەوەی کوردی و پەیوەندییە دەرەکیەکانی ڕێگر بووە لەبـەردەم دانـانی یـەك سـەرکردایەتی ئـەو قەیرانـە لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەم زیاتر بەردەوام بوو، بەڵام ئەم کۆبونەوەیە هەریەك لە ئێران و تورکیا و ئینگلیـزی وروژاند. بەکورتی بانگەشـەی ژێکـاڤ وەك پـارتێکی هـەموو کـورد یـان (پـان کـوردیزم) دروشـمەکانی هـەروا مانـەوە لەوبارەیەوە شکستی هێنا[1].

**ج- پەیوەندییەکانی پارتی هیوا لەگەڵ کۆمەڵەی خۆیبوون**

لە دەرئەنجامی کپکردنی شۆڕشی 1925 بـە سـەرکردایەتی (شـێخ سـەعیدی پیـران) [2]، ژمارەیـەکی زۆری کـوردی تورکیا ئاوارەی وڵاتانی عێراق و سوریا بوون لـە ترسـی مامەڵـەی تونـدی دەسـەڵاتدارانی تورکیـا بەرامبـەر تاکـەکانی نەتەوەی کورد و هێزە کوردییەکان[3]، سەبارەت بەباشووری کوردستان شێخ ئەحمەد بـارزانی لەسـاڵی 1926 محەمـەد سـدیقی بـرای رەوانـەی رەوانـدوز دەکـات بەمەبەسـتی کۆبوونـەوە لەگـەڵ سـەرکردەکانی بـاکوور بـۆ دارشـتنەوە و بنیادنانەوەی شێوازێکی تۆکمەتر بۆ بەرپاکردنی شۆڕش لەداهاتوودا[4].

پەیڕەوکردنی ئەم جۆرە سیاسەتانە لەلایـەن تورکـەکان، نەبوونـە هۆکـاری بـێ دەنـگ بـوونی کوردەکـان لەئاسـت مافەکانیان،چونکـە هەسـتی نەتەوایـەتی لـەناو کوردەکـان ڕەگـی داکوتابوو،بۆیـە لەئـەنجامی ئـەم چەوسـاندنەوە و سـەرنەکەوتنی ڕاپـەڕینی شـێخ سـەعیدی پیـران، کوردەکـان بـەردەوام بـوون لەهەوڵـەکانیان لـە ڕێگـەی ڕاپـەڕین و دامەزراندنی ڕێکخراو بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی کوردەکـان، دەسـتیانکرد بـەچالاکی نـەهێنی و ئاشـکرا لـەڕێگای ڕێکخراوەوە بۆ کۆکردنەوەی کوردەکان تاکو ڕاپەڕینێکی شۆڕشگێڕی ئەنجام بدەن[5].

بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵەی خۆیبوون لەئابی ساڵی 1927 دامەزرا کەڕێکخراوەکانی تەعالی کوردستان و کۆمەڵـەی ڕێکخراوە کوردییە کۆمەڵایەتییەکان و پارتی کۆمەڵـەی سـەربەخۆی کوردسـتان و کۆمـەڵێك سـەرۆك خێـڵ و کەسـانی نیشـتمانپەروەر بەشـداریان کـرد تیایـدا و ئـەم کۆمەڵـەیان دامەزرانـد بەیـەکگرتوویی هـەموو ڕێکخراوەکـان، ئـەم کۆمەڵەیە زیاتر سـیاسی بـوو، کـەئامانجی دامەزرانـدنی کوردسـتانێکی سـەربەخۆ لـە ڕێگـەی تێکۆشـان و دژی تـورك، تەنانەت پەیوەندی لەگەڵ پارتی ئەرمەنی"تاشناق" دروستکرد، پاشان ڕۆڵێکی گرنگـی بینـی لـەئامادەکاری بـۆ سـازدانی

---

[1] عوسمان عەلی ،سەرچاوەی پێشوو، ل ل 351-352.

[2]شێخ سەعید: لە بنەماڵەیەکی ئاینی باوکی شێخ محەمەدی کوڕی شێخ عەلی یە، لە ساڵی 1865 لە پالۆ لـە دایـك بـووە، دوای مـردنی باپیری باوکی گەڕایەوە خنس، بۆیە شێخ سەعید سەرەتای خوێندنی لە خنسەوە دەست پێ کردووە بەخوێندنی زانستە ئاینیەکان، دوای مردنی باوکی سەرپەرشتی بنەماڵەو تەکیەکانی کەوتە ئەستۆ، لە ساڵی 1907 دەستی کردووە بە گـەڕان بـەناو دێهاتـەکانی ویلایەتـەکانی ڕۆژهەڵات دا و سەرۆکە حەمیدیەکانی ناسی بوو، هەر لەو کاتەدا نازناوی (بدیع الزمان)ی وەرگرت ئەویش لەبەر ئەوەی زۆر لە شیعر و قامەتی حریرە و بەدیع لەبەربووە، شێخ سەعید لە پاڵ کارەکانیشی وانەی دینی دەوتەوە 12 قوتابی بوون بەزانای گەورە، ئەوەی کە دەسەڵاتی شێخی زیاتر کرد شووکردنی کچەکانی بوو بە شێخ و سەرۆك عەشیرەتە کوردیەکان، پیاوێکی تێکۆشەرو بەهێز و بـەتوانابووە، هەموو کات دژی زوڵم و زۆرداری دەوەستا، لە 29 حوزەیران 1925 دادگای ئیستقلالی دیاربەکر فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەرکرد. بـۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: تەلار علی امین: سیاسەتی کەمالی و بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لـە بـاکووری کوردسـتان (1918-1938)، نامەی ماستەر پێشکەش کراو بە کۆلێژی ئەدەبیات- زانکۆی سەلاحەددین، (هەولێر- 2000)، ل97.

[3] هیوا عەزیز سەعید ، کۆمەڵەی خۆیبون.... ، ل11.

(4)ڕۆژ عەبدوڵلا عادل ئەرگوشی، ناوچەی بارزان لە نێوان ساڵانی (1931- 1946) ، نامەی ماستەر پێشکەشکراو بە کۆلێژی ئەدەبیات ، (زانکۆی سەلاحەدین - 2010 ) ، ل ل 28 - 29.

[5]فاتح ڕەسووڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل ل 67-68.

ڕاپەڕین لەئاڕارات و ئیحسان نووری پاشای وەك سەرکردەی ڕاپەڕین دەست نیشانکرد، هەروەها ڕۆژنامەیەکیان دەرکرد بەناوی "ئاگری" بۆ ئاگاداربوون لەڕوودا و پێشهاتەکانی ڕاپەڕینی ئاڕارات، سەبارەت بەکۆمەڵەکە چەند لقێکیان لەسوید و لوبنان و ژمارەیەکیان لەوڵاتانی ئەوروپا دامەزراند[1].

دیارە کۆمەڵەی خۆیبون ڕۆڵی گرنگی هەبوو لەبەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی لەناو کوردان و ئامادەکاری سیاسی و سەربازی بۆ ئەنجامدانی ڕاپەڕین لە ناوچەی ئاڕارات، بۆ ئەم مەبەستەش ئیحسان نووری پاشا(1892–1976) بۆ سەرکردایەتی کردنی ڕاپەڕین دەستنیشان کرد[2]، لەبەرامبەردا دەسەڵاتدارانی تورکیا لەنێوان ساڵانی 1928–1929 هەوڵەکانی چڕ کردەوە بۆ لەنێوبردنی جووڵانەوەکە، پاش ئەوەی نەیانتوانی لەدانوستانەکان لەگەڵ ئیحسان نووری پاشا کەچەندین جیاوکی زۆریان خستە بەردەمی وەك پێدانی پلەی جەنراڵی و بڕینەوەی مووچەیەکی زۆر، لەهەمان کاتدا بەڵێنیاندا کە دەیکەن بەمولحەقی سەربازی لەهەر وڵاتێکی ڕۆژئاوا کە خۆی ئارەزووی دەکات[3]،بەڵام ڕەتکردنەوەی پێشنیارەکان لەلایەن ناوبراو وایکرد تورکەکان دەست بکەن بەسیاسەتی توونددوتیژی و ڕاوەدوونانی کورد، بۆیە سەرجەم هێزەکانی کورد لە ناوچە شاخاوییەکانی ڕۆژهەڵات بەتایبەت شاخەکانی ئاڕارات جێگیر بوون و کردیان بەبنکەی سەرەکی شۆڕشگێڕان[4].

ئیحسان نووری پاشا سەرکردەی ڕاپەڕین لە ڕۆژنامەی"ئاگری" داوای لههاووڵاتیانی کورد کرد هاوکاری ڕاپەڕینەکە بکەن، تاکو لەزوڵم و ستەمی تورك ڕزگاریان بێت[5]، هەرچەندە تورکەکان لەوماوەیەدا بۆ ئەوەی مەترسی فراوانبوونی ڕاپەڕینەکە کەم بکاتەوە، هەندێك چاکسازی و ئاسانکاری لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات ئەنجامدا[6].

لەحوزەیرانی ساڵی 1930 سوپای تورکیا بەسەرکردایەتی "ساڵح پاشا" بەهەمموو پێداویستیە جەنگییەکان ڕووبەڕووی هێزی ڕاپەڕین دەبێتەوە لەدەشتی زیلان لەباکووری ئەرجیس، کە تێیدا کورد شکستیان خوارد و بەناچاری ڕوویانکردە ناوچە شاخاوییەکانی نێوان تورکیا و ئێران[7].

(قەدری جەمیل پاشا) [8] کە یەکێك بوو لە ئەندامانی کۆمەڵەی خۆیبوون، ئاماژەی بەوە دەکرد کە بێ دەنگی باڵی کێشاوە بەسەر باکووری کوردستان لەبەر هەندێ کۆمەڵەی خۆیبون هەوڵی دا ئیستغلالی ئەوبارە نوێیە و بارودۆخی سیاسی بکات، لە ژێر ڕۆشنایی ئەوبارە هەڵسا بە چڕکردنەوەی هەوڵەکان و چالاکیەکانی بە هێمنی

---

[1] محمد ملا احمد، جمعية خويبون والعلاقات الكردية– الارمنية،(اربيل- من منشورات بنكەی كاوا-2000)،ص ص 39–49.

[2]حسین مەدەنی،سەرچاوەی پێشوو،ل ل 276–277.

[3]کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا،وەرگێڕان: حەمەکەریم عارف،(هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات- 2011)، ل126.

[4]م.س لازاریف و ئەوانی تر،مێژووی کوردستان،وەرگێڕان : هۆشیار عەبدوڵلاسەنگاوی، ،(هەولێر- دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات- 2012)،ل372.

[5]فاتح ڕەسووڵ، سەرچاوەی پێشوو،ل70.

[6]م. ئە.حەسرەتیان،یاسا دەستووریەکانی تورکیا و کورد لەسەردەمی نوێدا، وەرگێڕان: دلێرئەحمەد، (سلێمانی- چاپخانەی مەڵبەندی کوردۆلۆجی-  2007)،ل35.

[7]م.س.لازاریف و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو ل374؛ عەبدولڕەحمان قاسملوو،کوردستان و کورد، وەرگێڕان:عبدالله حسن زادە، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات- 2012)، ل61.

[8]قەدری جەمیل پاشا کوری فوئاد بەگ کوری ئەحمەد جەمیل پاشایە لە ساڵی 1891 لە شاری دیاربەکر لە دایکبووە، یەکێك لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی هیڤی بووە، بەشداری لە شۆڕشی 1925 و کۆمەڵەی خۆیبون 1927 کردیە ، هەروەها پەیوەندی بە کۆماری مەهابد 1946 کردیە. بێوار ئدریس دەحلێنەری، ئەکرەم جەمیل پاشا (1891-1974)، گۆڤاری مێژوو، ژمارە(22)، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات- 2012)، ل157.

بەمەبەستی خزمەتکردنی نیشتیمان، بەتایبەت پاش ئەنجامدانی ڕێکەوتن لەگەڵ پارت و کۆمەڵەکان لە شوێنە جیاوازەکانی کوردستان [1].

بۆ جێبەجێکردنی ئەو مەبەستە کۆمەڵەی خۆیبون هەوڵی دا بۆ دانانی پەیوەندی لەگەڵ حیزبی هیوا بەمەبەستی هاوکاری سیاسی، بۆ ئەم مەبەستە نامە گۆڕینەوە دەستی پێکرد لە نێوان سەرۆکی حیزبی هیوا (ڕەفیق حلمی) و (قدری جەمیل پاشا)، لە نامەیەکدا لە 20ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1943 کە ناوبراو بۆ سەرۆکی حیزبی هیوا ناردبووی تێدا ئارەزوی کۆمەڵەکەی دەربڕیوە بۆ هاوکاری و هەماهەنگی کردن لە پێناو چارەسەرکردنی کێشە نەتەوایەتیەکان، دیارە هەردوولا ڕێکەوتن لەسەر ناردنی نوێنەرێك بۆ شوێنی دیاریکراو بۆ ئەنجام دانی وتوێژ و ئاگاداربوونی ڕاستەوخۆ لەو وتوێژانە، داوا لە (قەدری جەمیل پاشا) کراوە (ممدوح سلیم)ناسراو بە(ئەسکەندەر بەگ) وەك نوێنەری کۆمەڵەی خۆیبوون بنێرێت[2].

لەو بارەیەوە (ڕەفیق حلمی) بەیاننامەیەکی دەرکرد تیادا 4ی نیسانی 1944 دیاریکرد بۆ بەستنی ئەو کۆبوونەوەیە، پاشان (ئیبراهیم عەزیزبەگ)ی هەڵبژارد وەك نوێنەری حیزبی هیوا لە کۆبوونەوەکە[3]، ئەوەبوو لە وادە و شوێنی دیاریکراو بۆ کۆبوونەوەکە ئەندامانی کۆمەڵەی خۆیبوون ئامادە بوون، بەڵام هیچ یەکێك لە ئەندامانی حیزبی هیوا ئامادە نەبوون، هۆکاری ئامادە نەبوونەکەشیان گێڕایەوە بۆ ئەو ناخۆشی و زەحمەتیانەی کە بە هۆی هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانی دروست ببوون، ئەوەش بووە هۆکاری لەدەست چوونی ئەو دەرفەتەی کە ڕەخسا بوو بۆ هاوکاری و لێك نزیك بوونەوەی حیزبی هیوا و کۆمەڵەی خۆیبوون[4].

جگە لەمەش لەماوەی شۆڕشی دووەمی بارزاندا ئەفسەر (عیزەت عەبدولعەزیز) کە ئەفسەریکی کوردی سوپای عێراق و ئەندامیکی کارای پارتی هیواو هاوکاتیش لە دەستەی ئەفسەرانی پەیوەندی نێوان کورد و بەغدا بوو، دەچێتە سوریا بۆ ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵەی خۆیبون و کوردی دیکەی ئەو پارچەیەدا دروست بکات، بۆ ئەوەی هەماهەنگی بکەن لەگەڵ کوردی باشوور و پارچەکانی دیکە تاکو شۆڕشیکی سەرتاسەری بەرپا بکەن[5].

---

[1]ڕۆهات ئالاکۆم ، خۆیبوون و شۆرشی ئاگری ، وەرگێران : شوکور مستەفا، (هەولێر – چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - 2000 ) ، چا،وەزارەتی پەروەردە، ،2000، ل ل84 – 85 .

[2]زنار سلۆپی، دۆزی کوردستان،وەرگێڕان: فەیزوڵڵا برایم خان،بارزان وەهاب، (دیاربەکر- دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بیر،- 2007)،ل ل212 ، 216.

[3]محەمەد ڕەسووڵ هاوار : کوردو باکووری کوردستان لەسەرەتای مێژووە تا شەڕی دووەمی جیهان، بەرگی سێیەم،(سلێمانی- 2004)، ل277.

[4]زنار سلۆپی، سەرچاوەی پێشوو،ل 211.

[5] ئەحمەد محەمەد ناسر باوەر ، سەرچاوەی پێشوو، ل163.

**باسی پێنجەم / لێکترازان و هەڵوەشاندنەوەی پارتی هیوا**

تا کۆتایی ساڵی 1943 پارتی هیوا حزبێکی پێشکەوتخواز و بەهێزترین گروپی سیاسی ئەوسای جولانەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دووبەرەکی و ناکۆکی ناوخۆیی بەسەر هەموو مەسەلەکانی تایبەت بە ڕێکخستن و بەرنامە و نەخشەی کارکردن و دروشم و ڕێبازی سیاسی سەریهەڵدا [1]، بەڕای زۆربەی زۆری سیاسەتکاران و نووسەران و مێژوونوسان ئەم ناکۆکیانە پەیوەست بوون بە دوو بابەتی سەرەکی؛ لەوانە ئایە گەلی کورد لە خەباتی نیشتیمانی ڕزگاریخوازدا بۆ چارەسەرکردنی مەسەلە نەتەوایەتییەکەی دەبێ کام ڕێبازی سیاسی بگرێتە بەر؟ ئایا دەبێ بە یەکێتی سۆڤیەت و کامپی سۆسیالست یاخود بەریتانیا و کامپی ئیمپریالستی ڕۆژئاوا پشت ئەستور بێ؟ ئایا کامیان پشگیری گەلی کورد دەکەن بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و مافە نەتەوەییەکانی یارمەتی دەدەن[2].

بابەتی دووەم پێویست بوو لەسەر ئەوەی ئایا پارتی هیوا بە هەموو هێز و تواناوە یارمەتی جولانەوەی بارزان دەدات و بەشداری تێدا دەکات و جڵەوی سەرکردایەتی کردنی دەگرێتە دەست؟ یاخود دەبێ دەستەوەستان بوەستێ و کاری بەسەر جولانەوەکە نەبێ؟ ئەگەر یارمەتیشی دا با ئەو یارمەتییە بەرادەیەك نهێنی و کەم بێ، سەرنجی چینی دەسەڵاتداری عێراق ڕانەکێشێ و نەبێتە مایەی توڕەبونی بەریتانیەکان کە هاوپەیمانی دەوڵەتی عێراقی بوون[3]، دواجار سێ ئاراستە لە پارتی هیوا سەریهەڵدا، لەوانە ئاراستەی چەپ دیارە ئەم باڵە پێیان وابوو پارتی هیوا لە هەردوو کەسایییەتی ناو پارتەکە (ڕەفیق حیلمی و ماجد مستەفا) ڕزگار بکرێت، ئەگەرنا پارتەکە دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی حکومەت و ئینگلیز[4]، لەهەمان کاتدا ئەم ئاراستەیە بەردەوام پێداگری دەکرد لەسەر پتەو کردنی پەیوەندییەکانی حیزب لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت و دەوڵەتە سۆسیالیستەکان، لەو باوەڕەدابوون کە تەنها کەمپی سۆسیالست دەتوانێ یارمەتی گەلی کورد بدات[5].

لەلایەکی دیکەوە ئاراستەی دوەم کە ناسراو بوون بە باڵی ڕاسترەو گوێڕایەڵ و جێبەجێکەری بڕیارەکانی (ڕەفیق حیلمی) بوون و بە دڵسۆزی بۆ ڕەفیق حیلمی مانەوە، هەروەها یەکێتی پارت و بەهێزبوونەوەیان لە دەرکردنی چەپەکاندا دەبینیەوە[6]، هەروەها بە بیانوی ئەوەی گوایە بەریتانیا بەهێزە و دەستی بەسەر عێراقدا گرتووە دەیانویست بە هەر شێوەیەك بێت ڕەگی پەیوەندیەکانی نێوان هیوا و بەریتانیا بەهێز بکەن و دایکوتن، چونکە بەشێوەیەکی گشتی لە پارتیان ڕانەدەبینی بتوانێ بەگژ بەریتانیادا بچێت و هەمیشە جەختیان لەوە دەکردەوە کە بەریتانیا دەتوانی حزب و جولانەوەی ڕزگاری نیشتمانی لەناو ببات[7]، لەبەرامبەریشدا میانڕەوەکان کە ئاراستەی سێیەم بوون بڕوایان وابوو پێویستە پارتی هیوا لەسەر پرەنسیپی دیموکراسی بونیادبنرێتەوە، بەڵام دۆخەکە سەلماندنی ئەمە کارێکی ئەستەمە و دروستبوونی حزبێکی نوێ دەخوازێ کە هەڵگری بیر وئایدیای نوێ بێت[8].

ئینگلیزەکان دەیانزانی پارتی هیوا چ ڕەگێکی لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە بەتایبەتی بەبەر چاوی ئەوەوە ناوبانگی حزب ڕۆژ بەڕۆژ پەرەی دەسەند، لەبەرئەوە هاتە سەر ئەو بڕوایەی کە بەرەوپێشەوە چوونی دەسەڵاتی

---

(1) عەزیز شەمزینی ، جولانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان، وەرگێران : فەرید ئەسەسەرد ، ( سلێمانی – سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان – 2006 ) ،ل190.

(2) هەمان سەرچاوە ،ل191.

(3) فەیسەل دەباغ ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل83 - 84.

(4) هیوا عەزیز سەعید، کۆمەڵەی خۆیبون.... ، ل60.

(5) عەزیز شەمزینی ،سەرچاوەی پێشوو،ل192.

(6) فيصل الدباغ، المصدر السابق، ص75.

(7) عەزیز شەمزینی ،سەرچاوەی پێشوو،ل192.

(8) فيصل الدباغ، المصدر السابق، ص76 ؛ هیوا عەزیز سەعید، کۆمەڵەی خۆیبون.... ، ل60.

پارتی هیوا بە سەرکەوتنی جولانەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان تەواو دەبێ و زیان لە بەرژەوەندیەکانی ئەوان دەدات[1]، بۆیە بەریتانیا لەناوبردنی ئەم پارتەی بە مەسەلەیەکی سەرەکی دانا بۆ ئەم مەبەستەش بەریتانیەکان لەڕێی سیخورەکانیان دەیانویست کەلەبەر بخەنە ناو ئەم پارتە، یەکێك لەوانە (زەید ئەحمەد عوسمان)ی موتەسەڕیفی هەولێر کە بەریتانیە لەڕێی ئەوەوە دەیویست ڕۆشنبیرانی کورد لە پارتی هیوا دوور بخاتەوە، بەڵام ئەوەی بۆ نەکرا، دوای بیرکردنەوەیان کۆمەڵەیەکیان بە ناوی (کۆمەڵەی شوان)ەوە دامەزراند بە مەبەستی تێکدانی هیوا، لە ڕێی ئەم کۆمەڵەیەوە نووسراو بۆ ئەندامەکانی هیوا دەنێردرا و تیایدا هاتبوو ((دەبێت هوشیاربینەوە و کۆمەڵەی شوان چاودێری هەموو هەڵسان و دانیشتنتان دەکات)) بەڵام دواجار بەریتانیەکان ئەمەشیان بۆ نەچووە سەر[2].

هۆکاری دیکەش بووە هۆی کەلەبەر خستنە ناو ڕیزەکانی پارتی هیواوە، ئەویش بڵاوبونەوەی بیری مارکسی لە نێوان ئەندامەکانی هیوا، هەروەها پێوەندی ئەم پارتە لەگەڵ پارتی شیوعی عێراقدا ڕۆڵی گەورەی بینی لە تێکچونی هیوادا[3]، ئەمەش لە کاتێکدا بوو (فەهد- سکرتێری پارتی شیوعی عێراق) ئەو هەلی ناکۆکیەی ناو هیوا دەقۆزێتەوە و ئەندامانی هیوای دژی پارتەکەی خۆیان هاندەدا، لە دوو وتار لەڕێی ڕۆژنامەی (القاعده) لە دژی ڕەفیق حیلمی و ماجد مستەفا دەنوسێت، لە هەردوو وتارەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە بە هەزاران لاوی کورد لە خەباتی ڕاستەقینە وەلانراون لە کاری سیاسی لە پێناو بەدیهێنانی دیموکراسی بۆ عێراق، گەلی کوردیش تەنها لە سایەی ئەم دیموکراسیەدا دەتوانێت مانەوەی لە عێراق یاخود جیابونەوەی لێ دەرببڕێت[4]، پارتی هیواشی بە حزبێکی کۆنە پەرست لە قەڵەم دەدا، بۆیە داوای لە ڕۆشنبیرانی کورد دەکرد تازووە حزبێکی پێشکەوتوو دابمەزرێنن، فەهد لەو بۆچونەیدا دەیویست حزبێکی کوردی دابمەزرێ تا واجیهەیەك بێ بۆ پارتی شیوعی عێراق لە کوردستاندا[5].

جگە لە کاربەدەستانی بەریتانیا و حکومەتی عێراقی و پارتی شیوعی عێراق، تەنانەت کوردە شیوعیەکانیش ڕۆڵێکی نەشیاویان لە کەلەبەر و دووبەرەکی خستنە ناو ڕیزەکانی پارتی هیوا دەبینی، ئەندامێکی کوردی پارتی شیوعی لەوکاتانەدا وتوویەتی ((خەڵکی بەرە و پیری مارکسیەت دەڕۆیی و هەوڵی بۆ دەدا، هەر لەو دەمانەدا زۆر لە ڕۆناکبیرانی کورد بە پێی بارودۆخی نوێ وازیان لە کۆمەڵەی هیوا دەهێنا، کۆمەڵەی هیواش بێ چاپ و بێ ڕۆژنامە و ڕێکخراو بوون لە بارياندا نەبوو میللەتی کورد گرد بکەنەوە و ڕاپێچی کۆڕی تێکۆشانیان بکەن)[6].

لەلایەکی دیکەوە زۆربەی ئەندامانی پارتی هیوا لە کردارەکانی (ڕەفیق حیلمی) بێزار ببوون، چونکە هەوڵی دەدا خۆی بەسەریان زاڵبکات و هەژموونی خۆی بە شێوەیەکی ڕەها بەسەر حیزبدا بسەپێنێت، بۆیە بەشێك لە ئەندامانی حیزب لە رۆشنبیران و دەستەی ئەفسەران لە دەرفەتێك دەگەڕان بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ هەلسوکەوتەکانی ڕەفیق حیلمی دابنێن[7]، لەم ڕووەوە ناوبراو نەك بەچاوی سەرۆکی هەلبژێردرا و لەلایەن ئەندامانی پارتەوە، بەڵکو بە چاوی مامۆستا و قوتابی تەماشای پێوەندی خۆیی و ئەندامانی هیوای دەکرد، کە لە بیروڕادا لاسایی پارتە

---

[1] شاخوان عبدالله صابر، المصدر السابق، ص128.
[2] موکەرەم تالەبانی،چەند لاپەرەیەك..... ، ل24.
[3] فیصل الدباغ، المصدر السابق، ص87.
[4] مكرم الطالباني، المصدر السابق ، ص90 .
[5] فیصل الدباغ، المصدر السابق، ص88.
[6]عەبدولخالد صابر کەریم ، بیری نەتەوەیی ....، ل 142.
[7] شاخوان عبدالله صابر، المصدر السابق،ص129.

فاشییەکانی ئیتالی و ئەڵمانیای دەکردەوە، سەرۆکی هەڵبژێردراوی حزب بووە (سەرۆکی موقەدەسی باڵا) و لە جیاتی ڕۆژباشی کوردی ئەندامەکان بە (بژی سەرۆك) لەگەڵ یەکتر ڕۆژیان دەکردەوە[1].

ململانێ و لێکترازانەکانی نێو حیزب وایکرد ڕۆژ دوای ڕۆژ گومانەکان لەسەر کەسایەتی(ڕەفیق حیلمی) زیاتر بێت و هەندێك تۆمەتباریان کرد بەوەی کە (بەکرێگیراوە)، بۆ ئەم مەبەستەش ( موکەرەم تالەبانی) جەخت لەوە دەکاتەوە کە ڕەفیق حیلمی داوای لە ئەندامانی لیژنەی کەرکوك کرد لە سالی 1942 کە وێنەکانی خۆیان بنێرن بۆ ئەوەی تۆماربکرێن و ئەلبومێك بۆ ئەندامانی پارتەکە دروست بکرێ و بەو مەرجەی لەسەر وێنەکە بنوسرێت (پێشکەشە بە سەرۆکی پیرۆزی مەزن)،دیارە (ناهیدە) کچی ڕەفیق حیلمی ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە باوکی هەرگیز داواکاری لەو جۆرەی کردبێت، یان هیچ وێنەیەکی ئەندامانی هیوا لە ئەرشیف و کاغەزەکاندا هەبێت، کە دەستەواژەی سەرەوەی تێدا هاتبێت[2].

چەند ئەندامێك لەسەر داوای ڕەفیق حیلمی دەستیان کردووە بە کۆکردنەوەی وێنەی ئەندامانی حیزب، چونکە پێویستی بە زانیاری تەواو هەبوو لەسەر ئەندامەکان کە کەئەم کارە هەموو پارتێکی سیاسی ئەنجامی دەدات لەبەرامبەر ئەندامەکانی، لەو بارەیەوە وا بڵاودەکرێتەوە کەوا ڕەفیق حیلمی مەبەستی لە ڕێکخستنی ئەلبومەکە زیاتر لەسەر راسپاردەی ئەفسەری هەواڵگری بەریتانیا لە سلێمانی بەناوی (شۆتەر[3])بووە، بەمەبەستی زانینی ووردەکاری و زانیاری لەسەر ئەندامانی حیزبی هیوا[4]، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەم ڕایە پشت ڕاست دەکەینەوە کە پێیوایە ڕەفیق حیلمی ئەم وێنانەی کۆنەکردۆتەوە لەسەر داوای بەرپرسانی بەریتانی، چونکە ئەوان ئاگاداری هەموو جموجۆل و چالاکیەکانی پارتەکە بوون[5]، بەشێوەیەك هیچ شاراوەیەك لە چالاکییەکانی حیزب نەبووە بۆ بەریتانییەکان، هەروەك زانراوە شەفیق ئەحمەد ئاغا ناسراو بە شەفیق لاین کە یەکێ بووە لە ئەندامە چالاکەکانی حیزب بووەتە سکرتێری لاین کە ڕاوێژکاری سیاسی هێزەکانی بەریتانیا بووە لە کوردستان[6].

بەشێوەیەکی گشتی ئەو هۆکارانەی سەرەوە وایکرد بەرەبەرە پارتی هیوا بەرەو لێکترازان و هەڵوەشاندنەوە هەنگاو بنێت، بەتایبەت پاش ئەوەی لە مانگی شوباتی 1944دا لەشاری کەرکوك کۆنفراسی حزب بەسترا، لەو کۆنفراسەدا ناکۆکیەکان تەقیەوە، باڵی چەپ پەردەی لەسەر نەخشی ئابڕوبەرانەی بەریتانیا هەڵماڵی و دەریخست کە گەلی کورد بە پشتیوانی بەریتانیا ڕزگاری نابێ و دەبێ یەکێتی سۆڤیەت بە پشت و پەنای خۆی بزانێ، بەم جۆرە کۆنفراس پارتی هیوای کردە دوو بەشەوە، باڵی ڕاست بە سەرۆکایەتی ڕەفیق حیلمی کە هەموو داخوازیەکانی باڵی چەپی ڕەتکردەوە و لەحزب جیابوونەوە، ئەم لەتبوونە کارێکی وای کرد باڵی چەپ لەگەڵ چەند حزبێکی تردا یەك بگرێ[7].

بەمجۆرە نەخشی مێژووی پارتی هیوا کۆتایی هات، بەشێکی ئەندامانی بازوی چەپ چوونە ڕیزی (القاعیدە)ی پارتی شیوعی عێراقەوە بە نهێنیش ڕۆژنامەی (ئازادی)یان دەرکرد، بەشێکی تریان بوونە ئەندامی ستافی کۆمەڵەی (ژیانەوەی کورد) لە کوردستانی عێراقدا ئەوانی تر حزبێکیان بەناوی (ریا راست) پێکەوەنا کە زۆربەی ڕێکخراوەکانی

---

(1) موکەرەم تالەبانی،چەند لاپەرەیەك ..... ، ل25.

(2)شاخوان عبدالله صابر، المصدر السابق، ص ص129 ، 131.

(3) ئەفسەری فڕۆکەوانی بوو، ماوەی چەند ساڵێك لە ئامادەیی مەلبەندی کەرکوك مامۆستای زمانی ئینگلیزی بوو، هەر لەوێش ڕەفیق حلمی دەناسێت، ناوبراو زمانی کوردی و عەرەبی بە چاکی دەزانی، بەڵام قسەی پێ نەدەکرد. ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل184.

(4)شاخوان عبدالله صابر، المصدر السابق، ص130.

(5)هلبين محمد امين المزوری ، المصدر السابق، ص189.

(6)شاخوان عبدالله صابر، المصدر السابق، ص132.

(7) عزيز حسن عزيز البارزاني، المصدر السابق، ص84.

له سلێمانی و لەنێو ریزی قوتابیە کوردەکانی بەغدا بوو بەشێکی کەمیشیان چوونە ریزی گروپی (وحده النضال)ی شیوعیەوە و لە کوردستاندا بەناوی یەکێتی تێکۆشین شاخەیان دامەزراند چەند گروپێکی تریش بەشێوەیەکی سەربەخۆ بەناوی جیا جیا مانەوە[1].

بەدوای ئەم گۆڕانکارییانەدا (ڕەفیق حیلمی) وەك سەرۆکی هیوا دەست لەکار دەکێشێتەوە[2] و ئەو ماوەی کە باڵە ڕاستەکەی هیوا هێشتا هەر لە ژێر ئەو ناوەدا کاری دەکرد (یونس عەبدولقادر) لە شوێنی ڕەفیق حیلمی بۆ سەرۆکایەتی هیوا دانرا[3]، پارتی هیوا تا ساڵی 1946 بەردەوام دەبێت، ئەگەر بە شێوەیەکی سستیش بێت، دواتر لەو ساڵەوە بوونی لە گۆرەپانی سیاسی و بزوتنەوەی نەتەوایەتی گەلی کورد نامێنێت.


## سەرچاوەکان

**یەکەم / کتێبەبەڵگەنامەییەکان**

❖ عبدالفتاح علي يحيى البوتاني، وثائق عن الحركة القومية الكوردية التحررية،(اربيل - مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر – 2001).

**دووەم / یاداشتەکان**

- **بەزمانی کوردی**

❖ بەکر عەبدولکەریم حەوێزی، بیرەوەریەکانم لەڕۆژهەڵاتی کوردستاندا 1944 – 1947، بەشی یەکەم،( کۆیە - دەزگای سەردەم – 1993 ).

❖ مستەفا نەریمان، بیرەوەری یەکانی ژیانم، ( بەغدا – دار الحرية للطباعة– 1994 ).

- **بەزمانی عەرەبی**

❖ صالح الحيدري، مختارات من مذكرات صالح الحيدري، الطبعة الثانية،( السليمانية - 2004).

**سێیەم / نامەی زانکۆیی**

- **بەزمانی کوردی**

❖ تەلار علی امین: سیاسەتی کەماڵی و بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە باکووری کوردستان (1918ـ1938)، نامەی ماستەر پێشکەش کراو بە کۆلێژی ئەدەبیات- زانکۆی سەڵاحەددین، (هەولێر - 2000).

❖ دلشاد مەحمود عەبدولرحمان، کەرکوك لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی دەربارەی ڕۆڵی فیکری و سیاسیی 1932 – 1958، نامەی ماستەر پێشکەشکراو بە کۆلێژی ئەدەبیات – بەشی مێژوو، (زانکۆی سەلاحەدین - 2006 ).

❖ ڕۆژ عەبدوڵلا عادل ئەرگوشی، ناوچەی بارزان لە نێوان ساڵانی (1931- 1946)، نامەی ماستەر پێشکەشکراو بە کۆلێژی ئەدەبیات، (زانکۆی سەلاحەدین - 2010 ).


---

(1) فەیسەل دەباغ ، سەرچاوەی پێشوو ، ل89.

(2) مكرم الطالباني، المصدر السابق ، ص177 .

(3)عەبدولخالد صابر کەریم ، بیری نەتەوەیی ....، ل 142.

❖ عەبدولخالد صابر کەریم، بیری نەتەوەیی لە پەیڕەو و پرۆگرامەکانی کۆمەڵە ( جەمعیەت ) و حزبە کوردییەکان و کاریگەرییان لە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی کوردییدا ( 1919 – 1945 ) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، نامەی ماستەر پێشکەشکراو بە کۆلێژی ئەدەبیات – بەشی مێژوو، (زانکۆی سەلاحەدین - 2013 ).

- بەزمانی عەرەبی

❖ ماجد حسن على، الحركه الطلابية الكوردية في العراق 1926-1970، رساله ماجستير، قدمت لكليه الاداب، (جامعه صلاح الدين- 2008).

- بەزمانی ئینگلیزی

❖ Betul sinantorunu، the three faces of Kurdish mobilization in Iraq: politicization، institutionalization and constitutionalization 1946-2012. M.A. thesis، Middle East technical university- Istanbul – 2013.

**پێنجەم / کتێبەکان**

- بەزمانی کوردی

❖ اسماعیل شوکر رەسول،کەرکوك 1939 – 1945 لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویییە لە رووی رامیاری و بیری، ( هەولێر – 2007 ).

❖ بورهان حاتم گۆمەتاڵی، ساڵح حەیدەری 1922 – 2001 ڕۆڵ ی سیاسی و روناکبیری، (هەولێر - چاپخانەی ڕۆژهەڵات – 2012).

❖ توانا رەشید کەریم، سلێمانی لە نێوان سالانی (1945-1958) لێکۆڵینەوەیەك لەبارودۆخی سیاسیی و رۆشنبیری، (هەولێر – چاپخانەی ڕۆژهەڵات – 2012 ).

❖ جەمال نەبەز، کوردستان و شۆرشەکەی،وەرگێران:کوردۆ، (ئەلمانیا – چاپخانەی نوکسەوە - 1972).

❖ حامید گەوهەری، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان،( هەولێر – دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس – 2004).

❖ حسین مەدەنی، کوردستان و ستراتیژی دەولەتان، بەرگی دووەم، (هەولێر - چاپخانەی ڕۆژهەڵات- 2009).

❖ حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ، ناوچەی کفری لەنێوان سالانی 1914 – 1945 ( لێکۆڵینەوەیەك لە بارودۆخی رامیاری و کۆمەلایەتی و رۆشنبیری)، ( کەرکوك – بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەلایەتی کەرکوك – 2010 ).

❖ دلشاد مەحموود عەبدوڕەحمان، ئیسماعیل حەققی شاوەیس(1894-1976)،( هەولێر - بەرێوەبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری – 2004).

❖ ڕەفیق رەحمان مام خول، مستەفا بارزانی و ڕۆڵ و هەڵوێستی لە پێشهاتەسیاسەکاندا (1958-1970)،(هەولێر - چاپخانەی شەهاب - 2012).

❖ رۆهات ئالاکۆم، خۆیبوون و شۆڕشی ئاگری، وەرگێران : شوکور مستەفا، (هەولێر – چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - 2000 ).

- زنار سلۆپی، دۆزی کوردستان،وەرگێڕان: فـەیزوڵڵا بـرایم خان،بـارزان وەهـاب، (دیاربـەکر- دەزگـای چـاپ و بڵاوکردنەوەی بیر،- 2007).
- سمکۆ بەهرۆز محەمەد ( ئەژی )،مێژووی ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراو و حیزبانەی لە ناوچەی کەرکوکدا سەریان هەلداوە، ( کەرکوك – چاپخانەی بینایی – 2006).
- سەعدی عوسمان هەروتی، بزاڤی ڕزگـاریخوازی کوردی(سـەرهەلدان و قۆناغـەکان و نمونەیـەك)، (هـەولێر - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - 2006).
- سەعیدی هومایون، پێشـەوای رابـوون، کۆکردنـەوە و ئامـادەکردنی : هاشـم سـەلیمی، وەرگێـران : رەسـووڵ سوڵتانی، ( هەولێر – دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی – 2007 ).
- سوارە قەڵادزێیی، راپەرین و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و کاریگەری لەسەر هەستی نەتەوایـەتی و دەسەڵاتی داگیرکەرانی دەڤەر لە ( 1991ز تا 2003 )،(سلێمانی – چاپخانەی کارۆ – 2005 ).
- شوان محەمەد ئەمین تەها خۆشناو، هەولێر لـەنێوان سـاڵانی 1958 – 1963 لێکۆلینەوەیەکـە لـەبارودۆخی سیاسی،( هەولێر – چاپخانەی ڕۆژهەڵات – 2012 ).
- طارق جامباز، پارتی هیوا لە لیوای هەولێر، (هەولێر - لەچاپکراوەکانی گۆڤاری یاسا پارێزی- 2005 ).
- عبدالخالد صابر، ئـەو وێنانـەی لـە خۆیـان دەدوێـن، بـەرگی یەکـەم، (سـلێمانی – بەرێوەبـەرێتی چـاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی – 2006 ).
- عەبدولڕەحمان قاسملوو،کوردستان و کورد، وەرگێڕان:عبدالله حسن زادە، (هەولێر - چاپخانـەی ڕۆژهەڵات- 2012).
- عەزیز شەمزینی، جولانەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردسـتان، وەرگێـران : فەریـد ئەسەسـەرد، ( سـلێمانی – سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان – 2006 ).
- عەلائەدین سەجادی،شۆڕشەکانی کوردو وە کوردو کۆماری عێراق،(تاران - ئەتلەس چاپ - 2005 ).
- عوسمان عەلی، چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کـورد، وەرگێران:کامـەران جـەمال بابـان زادە، بەرگی دووەم، (سلێمانی- چاپخانەی رێ نوێ - 2010).
- فاتح رەسول، بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ، چاپی دووەم،( سلێمانی - چاپخانەی چوار چرا - 2005).
- فەرەیدوون نووری، بزاڤی بارزانی، (هەولێر - دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس - 2007).
- فەیسەل دەباغ، پارتی هیوا وشۆڕشی (1943 – 1945) ی بارزان،،(هەولێر - چاپخانەی وەزارەتی رۆشـنبیری - 1997).
- کەریم زەند، سوڕی ژیان، ( سلێمانی – 2003 ).
- کـریس کۆچێرا،کـورد لـە سـەدەی نـۆزدە و بیسـتدا،وەرگێڕان: حەمەکـەریم عارف،(هـەولێر - چاپخانـەی ڕۆژهەڵات- 2011).
- کەیوان ئازاد ئەنوەر، کوردستان و کـورد لەچەنـد لێکۆلینەوەیـەکی مێژوویدا،(سـلێمانی - چاپخانـەی بابـان، 2010).
- گۆران سۆران فەیزی، باری ئـەدەبی کـوردی لەشـاری هـەولێر لـەنێوان سـاڵانی 1935 – 1958،(هـەولێر – چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - 2006).

❖ م. ئه.حەسرەتیان،یاسا دەستووریەکانی تورکیا و کورد لەسەردەمی نوێدا، وەرگێڕان: دلێرئەحمەد، (سلێمانی- چاپخانەی مەڵبەندی کوردۆلۆجی- 2007).
❖ م.س لازاریف و ئەوانی تر،مێژووی کوردستان،وەرگێڕان : هۆشیار عەبدوڵلاسەنگاوی،،(هەولێر - دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات- 2012).
❖ مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم،( هەولێر – دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس – 2006).
❖ محمد علی سلطانی،اوضاع سیاسی اجتماعی تاریخی ایل بارزان،( تهران – سازمان اسناد و کتابخانه ملی جمهوری اسلامی ایران، 1384هـ ش).
❖ محەمەد ڕەسووڵ هاوار : کوردو باکووری کوردستان لەسەرەتای مێژووە تا شەڕی دووەمی جیهان، بەرگی سێیەم،(سلێمانی- 2004).
❖ محەمەد فاتح، پەرەسەندنی ژیانی حزبایەتی لەکوردستانی باشوردا، ( هەولێر – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین – 2014 ).
❖ مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (1931 -1958)، (هەولێر - 2012 ).
❖ مەعروف چیاووك، کارەساتی بارزانی زوڵملێکراو، وەرگێران: ئەبوبکر سالح ئیسماعیل، (هەولێر - دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی - 2008).
❖ مەهدی محەمەد قادر، هەولێر لەسالانی 1926 - 1939، (هەولێر - لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی - 2013).
❖ ناهیدە رەفیق حیلمی، بەسەرهاتی رەفیق حیلمی،( سلێمانی – چاپخانەی روون - 2005).
❖ نجم سەنگاوی، کوردستان و سەرکردە و دەسەلات و شۆڕشەکانی لە 1169 – 1994، (بێ شوێنی چاپ -2014 ).
❖ نجم سەنگاوی، خەباتی چەکداری و ڕامیاری نەتەوایەتی کورد (1880-1994)،(سلێمانی- چاپخانەی پەیوەند- 2009).
❖ نەوشیروان مستەفا ئەمین، حکومەتی کوردستان "ڕێبەندانی 1324 – سەرماوەزی 1325 " کورد لەگەمەی سۆڤێتی دا، چاپی سێیەم، ( سلێمانی – چاپخانەی تیشك – 2007 ).
❖ نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنین (دیوی ناوەوەی رووداوەکانی کوردستانی عێراق 1979–1983،(بێ شوێنی چاپ- 1997).
❖ هیوا عەزیز سەعید، خۆیبوون – هیوا – ژ.ك ) لێکۆلینەوەیەکی بەراوردکاری، ( سلێمانی – چاپخانەی یاد – 2006).
❖ هیوا عەزیز سەعید، ڕەنگدانەوەی بیری لیبرالی لە باشووری کوردستان 1990-1998، (سلێمانی- چاپخانەی یاد - 2006).
❖ ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی، شاری سلێمانی 1932 – 1945 لێکۆلینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە،(سلێمانی – چاپخانەی تیشك – 2008 ).
❖ ئەحمەد حەمەد ئەمین هۆمەر، رەواندز ( لێکۆلینەوەیەکی مێژویی – سیاسی 1918 – 1939 )، ( سلێمانی – سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی ی کوردستان – 2006 ).

❖ ئەحمەد محەمەد ناسر باوەر، دۆزی کورد لە پەیوەندییەکانی عێراق – ئێراندا 1937 – 1947،( سلێمانی – سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان – 2010 ).

- بەزمانی عەرەبی

❖ ابراهيم محمد العقيدى، الجيش العراقي والسياسه 1941 – 1953، (بغداد – مكتبه النهضه العربيه للطباعة والنشر والتوزيع – 2017 ).

❖ إسماعيل شكر رسول، أربيل دراسه تأريخيه فى دورها الفكرى والسياسى 1939 ـــ 1958،(مطبعة بينايى- سليمانى- 2005).

❖ أيوب بارزاني،المقاومة الكردية للاحتلال 1914–1958،(فرنسا- دار نشر حقائق المشرق-2002)،ص204.

❖ جعفر عباس حميدي،التطورات السياسيه في العراق(1941-1953م)، (النجف الاشرف - مطبعة النعمان – 1976).

❖ جوناثان راندل، امه في الشقاق دروب كردستان كما سلكتها، ترجمه : فادي حمود، (بيروت – 1997).

❖ خليل جندى، حركه التحرر الوطني الكوردستاني في كوردستان الجنوبي 1939 – 1967،( ستوكهولم – 1994 ).

❖ سروه أسعد صابر، كوردستان الجنوبيه 1926 - 1939،( السليمانيه - مطبعة حمدى - 2006).

❖ شاخوان عبدالله صابر، رفيق حلمي 1898 – 1960 دراسة تاريخيه فى نشاطه السياسي والثقافي (السليمانية - منشورات بنكەی ژين - 2007).

❖ صديق عثمان محو،العامل الخارجى ودوره فى اخماد الانتفاضات الكورديه( دور بريطانيا فى اخماد انتفاضتى بارزان الاولى والثانيه 1931 – 1945 نموذجا،(اربيل - مطبعة الثقافه - 2010).

❖ صلاح الخرسان،التيارات السياسية في كردستان العراق قراءه فى ملفات الحركات والاحزاب الكردية في العراق 1946- 2001،( بيروت- مؤسسه البلاغ للطباعة والنشر والتوزيع – 2001 ).

❖ عبدالرزاق الحسنى، تأريخ الاحزاب السياسية العراقية 1918 - 1958، (بيروت- 1983).

❖ عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكرديه فى نصف قرن (1908-1958)،(سليمانيه – من منشورات دار سردم للطباعة والنشر – 2007).

❖ عبدالفتاح على البوتانى، الحياة الحزبية في الموصل 1926 – 1958(أربيل – مطبعة وزاره التربيه – 2003 ).

❖ عزيز حسن عزيز البارزاني، الحركه القومية الكوردية التحررية فى كوردستان العراق 1939 - 1945،( دهوك - دار سپيريز للطباعة والنشر - 2002).

❖ عمر محمد محمد كريم،القضية الكردية فى سياسة الحكومات العراقية 1932 – 1945، (السليمانية - مطبعة شڤان - 2009).

❖ فيصل الدباغ، أضواء على كتاب الجمعيات والمنظمات والأحزاب الكردية في نصف قرن 1908 – 1958،( أربيل – 1993 ).

❖ محمد على الصويركى، معجم اعلام الكرد( فى التاريخ الاسلامي والعصر الحديث في كردستان وخارجها)، ( السليمانيه - من منشورات بنكەی ژين – 2006 ).

❖ محمد ملا احمد، جمعية خويبون والعلاقات الكردية– الارمنية،(اربيل- من منشورات بنكەی کاوا-2000).

❖ مكرم الطالبانى، حزب هيوا،(سليمانيه - مركز خاك للنشر والاعلام - 2002).

❖ هادی حسن علیوی، الاحزاب السیاسیة فی العراق السریة و العلنیة، ( بیروت – ریاض الریس للنشر – 2001).
❖ هلبین محمد امین المزوری، حزب هیوا (الأمل) 1939 – 1946 دراسه تاریخیه - سیاسیه (اربیل – مطبعة حاجی هاشم – 2008 ).
❖ ولیام ایغلتن الابن، جمهوریه مهاباد- جمهوریة 1946 الکردیة، ترجمه: جرجیس فتح الله،(اربیل – دار اراس للطباعة والنشر – 2012 ).

**شەشەم / توێژینەوە و وتار**

❖ بێوار ئدریس دەحلێنەری، ئەکرەم جەمیل پاشا (1891-1974)، گۆڤاری مێژوو، ژمارە(22)، (هەولێر - چاپخانەی ڕۆژهەڵات- 2012).
❖ تارق جامباز، وشیاری نەتەوایەتی گەنجانی هەولێر لە کۆتایی سیەکان و ناوەڕاستی چلەکان، گۆڤاری (هەولێر )، ژمارە(1)، (هەولێر - 1998).
❖ سوارە حەسەن باجەلان، مێژووی کەلار، گۆڤاری بانە ڕۆژ، ژمارە (26)، ( کەرکوک – کۆمەڵەی روناکبیری کەرکوک – کانوونی دووەمی 2006 ).
❖ موکەرەم تالەبانی، چەند لاپەرەیەك لەتێکۆشانی پارتی هیوا، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە (136)،(بەغدا – 1995 ).
❖ موکەرەم تالەبانی، کۆمەڵەی دارکەر و پارتی هیوا چۆن دامەزرا، گۆڤاری (رەنگین)، ژمارە(52)، (بەغدا- 1993).